

سیـاسـی
گوڵان
ژماره (٧٥٤)
٢٠٠٩/١٠/٢٦

# نێچیرڤان بارزانی لەترۆپکی سەرکەوتن و متمانەی جەماوەردا

بەدەستاودەستکردنی دەسەڵات مانای راستەقینەی دیموکراتی فێرکردین

**«لەنێو «لەنێو هەموو کارەکانمدا زەردەشت-ەکەم، شوێنێکی تایبەتی هەیە، لەبەرئەوەی ئەو کتێبەیە لەقوڵایی نهێنییەکاندا سەرچاوەی راستییەکان دەدۆزێتەوە، دەبێت مرۆڤ باش گوێ بۆ ئەو گوتانە رادێری کە لەزاری زەردەشت دێنە دەرێ، زەردەشت دەڵێت: هەنجیر کە لەدارەکەی جیادەبێتەوە، شیرین و خۆشە، ئەوکاتەی لەدارەکە جیادەبێتەوە و دەکەوێتە سەر زەوی توێکڵە سوورەکەی دەقڵشێ و شیرینەکەی دێتەدەرێ، هۆ شەماڵی باکوور من ئێستا وەك بەرهەمی ئەو هەنجیرەم، کە پێگەیشتووم و وەك شیرینی ئەو هەنجیرە راسپاردەکانی خۆمتان پێ رادەگەیەنم...»**

**نیتشە**

***

نێچیرڤان بارزانی کە لەمێژووی سیاسیی ١٠٠ ساڵی رابردووی عێراق و کوردستانداو لەچەند رۆژی دادێ بۆ یەکەمین جار پرۆسەی ئاشتیانەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەکوردستاندا پیادە دەکات و لەترۆپکی سەرکەوتن و متمانەی جەماوەریدا ئۆفیسەکەی لەئەنجوومەنی وەزیران بەجێدەهێڵێت، ئەو هەنجیرە پێگەیشتووەیە کە خۆی وەك زەردەشت بانگەشە بۆ شەماڵی دیموکراتی دەکات بۆ ئەوەی هەڵبکات و لەداری حکومڕانی جیابکاتەوە و بەرەفتارە گەورە و شیرینەکانی راسپاردەکانی خۆی بەئێمە لەئێستا و بۆ نەوەکان لەداهاتوو بگەیەنێت، کەواتە نێچیرڤان بارزانی لەدوای سەرکەوتن و لەوپەڕی ئاستی بەرزی متمانەی جەماوەریدا، لەپێناوی ئەوەی دیموکراتی لەوڵاتی ئێمە بەشێوەیەکی راست رەگ دابکوتێت، بەمانای سەردەم پێناسەی دیموکراتی دەکاتەوە و پێماندەڵێت: «دیموکراتی زۆرینە و کەمینەی سندوقەکانی دەنگدان نییە، بەڵکو دیموکراتی راستەقینە دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتە».

هەر بۆیە ئەم راپۆرتە پرۆسەی دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بۆ یەکەمجار لەمێژووی سیاسیی عێراق و کوردستان، لەسەرووی هەموو دەستکەوتەکانەوە دەبینێت و لەم سۆنگەیەوە بۆ دەسکەوتەکانی دیکە دەڕوانێت، ئەم سەرەتایە کە ئێمە لێوەیەوە هەنگاو هەڵدەگرین، هەروەك خواستی گۆڤارێك نییە، بەڵکو ئەمە دەروازەی ئەو کتێبەیە کە نێچیرڤان بارزانی بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان دایناوە و لەپێشەکیەکەیدا نووسیویەتی: «ئێستا هەرێمی کوردستان بەئەزموونێکی بێوێنەی پەرەپێدان تێدەپەڕێت و ئێمە بڕیارمانداوە ئەم هەلە لەدەستنەدەین و لەتواناشماندا هەیە بیچەسپێنین». ئەم بڕوا بەخۆبوونەی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەم ئامانجە نیشتمانییە، تەنها قسەی سەرکردەیەکی سیاسیی یان سەرۆك حکومەتێکی رۆژهەڵاتی نییە، بەڵکو لەپێناوی ئەم ئامانجە پیرۆزەدا، ئەوەی نێچیرڤان بارزانی بەزمانی ئینگلیزی بەجیهانی رادەگەیەنێت، بەکوردی لەسەر ئەرزی واقیعی کوردستان پیادەی دەکات، ئەمە خاڵێکی هێجگار کاریگەر و جیاکەرەوەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە گوتارەکانی بەزمانی ئینگلیزی بۆ جیهان و بەکوردی بۆ گەلەکەی خۆی هیچ جیاوازیەکی نییە، ئێمە لەم راپۆرتە هەوڵمانداوە لەسەر گوتارە ئینگلیزیەکانی نێچیرڤان بارزانی کاربکەین، بۆئەوەی خەڵکی کوردستان و خوێنەرانی ئەم راپۆرتە خۆیان بەراوردی بکەن و لەگەورەیی ئەم سەرکردە نیشمانییە تێبگەن کە بۆ چ ئامانجێك و لەپێناوی گەیشتن بەکام راستی بەبێ ئەوەی گوێبداتە ئەوەی ئەم هەوڵانەی بەرەو چ ئاکامێکی دەبەن شەو رۆژی کردووە بەیەك، هەربۆیە کە لەچەند رۆژی دادێ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ئۆفیسی ئەنجوومەنی وەزیران بەجێدەهێڵێت، ئەو یەکەم وانەیەی لەئەزموونی نێچیرڤان فێری دەبین ئەوەیە، لەوڵاتەکەی ئێمەشدا سەرکردەیەك بەو ئاستە پێگەیشتووە کە هەوڵەکانی خەمی ئایندەیان لەکۆڵگرتووە، نەك خەمەکانی سندوقی دەنگدان، سەرکردەیەك هەیە تەنها بۆ ئایندە دەڕوانێت نەك سندوقی دەنگدان، لەوڵاتەکەی ئێمەش سەرکردەیەك هەیە کە نموونەی ئەو مرۆڤە باڵایەیە دەتوانێت خۆی بکات بەپرد و بەسەر پشتی ئەودا رابردوو و ئێستا و ئاییندە بەیەك بگەیەنێت، سەرکردەیەك هەیە مێژووی نەتەوەکەی ئامادەدەکات بۆ ئەوەی ئاییندەی لەسەر بونیادبنێت، نەك مێژووی نەتەوەکەی ئامادەبکات بۆئەوەی کورسی دەسەڵاتی خۆی زیاتر پێ بچەسپێنێت. بۆیە کاتێك بمانەوێت لەئەزموونی نێچیرڤان بارزانیەوە سەیری ئاییندە بکەین و بەدیدی ئەو لەئاییندە بڕوانین، هەستدەکەین ئەو هۆشیاریە سیاسییەی لەسەر ئاستی دید و رەفتارەکانی ئەو بەرهەمدێت، ئاستی هۆشیاری سیاسیی گەلی کوردستان دەخاتە سەر و ئاستی هۆشیاری گەلێکی زیندوی وەك فەرەنسا و فرانکفۆنەکان خاوەنی شۆڕشی فەرەنسان و، هیگل پرەنسیبی ئەو شۆڕشە بە»کۆتایی مێژوو« رادەگەیەنێت، بەڵام کاتێك دیموکراتی چیتر رێگەی نەدا دیگۆل لەکۆشکی ئەلیزێ بمێنێتەوە، نەك خەڵکی ئاسایی بەڵکو (یوبولد سیدار سنجور– سنغور) شاعیر و سەرۆکی سەنیگالی فرانکفۆن، لەدیموکراتی تورە بوو، ئەو پێیوابوو چۆن دەبێت دیموکراتی هێندە بێ بەزەیی بێت داوا لەدیگۆل بکات کۆشکی ئەلیزێ بەجێبهێڵێت، بۆیە ئەمەی ناونا تاعونی دیموکراتی، ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە سنغور یەکەم سەرۆکی کیشوەری رەش کە لەساڵی ١٩٨٠ بەخواستی خۆی سەرۆکایەتی سەنیگالی بەجێهێشت، بەڵام خۆشەویستی سنغور بۆ دیگۆل وای لێکرد دژی دیموکراتی رابوەستێت کە رێگە نادات دیگۆل چیتر لەئەلیزێ بمێنێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ ئێمە لەم راپۆرتە کە شانازی بەوە دەکەین چۆن سنغور دیگۆڵی خۆشەویست، بەهەمان شێوە ئێمەش دەزانین ئەو پرۆسەیەی نێچیرڤان بارزانی بۆ رێکخستنەوەی نێو ماڵی کورد و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە و رێکخستنەوەی ژێرخانی کوردستان و

**کاتێك دیموکراتی چیتر رێگەی نەدا دیگۆل لەکۆشکی ئەلیزێ بمێنێتەوە، نەك خەڵکی ئاسایی بەڵکو (یوبولد سیدار سنجور– سنغور) شاعیر و سەرۆکی سەنیگالی فرانکفۆن، لەدیموکراتی تورە بوو، ئەو پێیوابوو چۆن دەبێت دیموکراتی هێندە بێ بەزەیی بێت داوا لەدیگۆل بکات کۆشکی ئەلیزێ بەجێبهێڵێت، بۆیە ئەمەی ناونا تاعونی دیموکراتی**

پاراستنی ئازادیەكان و هەنگاوەكانی بۆ چەسپاندنی سەروەری یاسا و وەرچەرخانی ئابووری لەئابووری مەركەزیەوە بۆ ئابووری بازاڕ، بۆ ئێمە وەك كوردستانی هیچی لەكۆماری پێنجەمی دیگۆڵ كەمتر نییە، بەڵام ئەوەتا ئێمە ئەمڕۆ لەكوردستان خۆشەویستی نێچیرڤان بارزانی و هەنگاوە مەزنەكانی وامان لێناكات دژی دیموكراتی ڕابوەستین و بڵێین تەلاری ئەنجوومەنی وەزیران خۆ ئوتێل نییە و نێچیرڤان بارزانی ئیقامەكەی تەواو بوویێت، نالێین چۆن دەبێت نێچیرڤان بارزانی تەلاری ئەنجوومەنی وەزیران بەجێبهێڵێت، نەخێر ئەو هۆشیاریە سیاسییەی كە لەسەر ئاكار و هزر و ڕەفتارەكانی نێچیرڤان فێربووین، پێماندەڵێت، «كاتێك نێچیرڤان بارزانی لەتەلاری ئەنجوومەنی وەزیران دێتە دەرەوە، گوێمان لێیە وەك زەردەشتەكەی نیتشە خۆی بانگی شەماڵی دیموكراتی دەكات و دەڵێت: من ئەو هەنجیرە پێگەیشتووم كاتی ئەوەم هاتووە شەماڵی تۆ لەدارەكەم جیابكاتەوە و ڕاسپاردەكانم وەك شیرینی ئەو هەنجیرە بەگەلەكەم ڕابگەیەنم».

بۆ ئێستای ئێمە كە گەلێكین لەسەر ئاسەواری ژینۆساید و كیمباران و ئەنفال و سیاسەتی بەدناوی بەعەرەبكردن و ڕاگواستن و دەركردن، بڕیاری خۆبونیادنانەوە و بونیادنانەوەی نەتەوەمان داوە، ئەم بڕیارە سەركەتوو نابێت هەتا نەبینە خاوەنی ئەو هۆشیارییە سیاسییەی بتوانێت مامەڵە لەگەڵ خۆبونیادنانەوە و بونیادنانەوەی نەتەوە بكەین، ئەو هۆشیاریەش فێربونی پیادەكردنی دیموكراسییە، كە لەدەستاودەستكردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتەوە فێری دەبین نەك لەزۆرینەو كەمینەی سندوقی دەنگدانەوە.

كەواتە جیاوازی ئەم ڕاپۆرتە لەگەڵ هەموو ئەو نووسینانەی دیكەی هەڵسەنگاند بۆ كابینەكانی نێچرڤان بارزانی بەگشتی و كابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكات، لەوەدایە، ئەم ڕاپۆرتە ئەو وانە بەخوێنەرانی خۆی دەڵێت، كە دوای هاتنەدەرەوەی نێچیرڤان بارزانی لەتەلاری ئەنجوومەنی وەزیران فێرمان دەكات، نەك گێڕانەوەی ئەو كار و چالاكیانەی كە لەماوەی كابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەنجامدراون.

## كار و چالاكی و خزمەتگوزاری گرنگن بەڵام بەپاراستنی ئازادییەكانەوە جوانن

نێچیرڤان بارزانی لەپێشەكی كتێبی (هەرێمی كوردستان: وەبەرهێنان لەئاییندە) بەزمانی ئینگلیزی نووسیویەتی، پەرەپێدان و پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری وەك دوایین خاڵ پۆلین كردووە، «ئێمە دیدێكی گشتگیر و ڕاشكاوانەمان بۆ ئایندە هەیە و دەمانەوێت كوردستان بكەینە نموونەیەك بۆ ئایندەی عێراق»، ئەم نموونەیەش دەبێت ئەم خاڵانە لەخۆی بگرێت:

١- چەسپاندنی ئاشتی.
٢- دابینكردنی سەقامگیری.
٣- بونیادی دیموكراسی.
٤- پەرەپێدانی ئابووری.

ئەگەر سەرنج لەم چوار خاڵە بدەین كە نێچیرڤان بارزانی لێیەوە ئایندەی كوردستانی تێدا دەبینێت، دەبێت هەڵسەنگاندنی ئێمەش لەسەر بنەمای ئەو چوار خاڵە بێت و بزانین ئایا لەماوەی كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان تاچەند كاری بۆ پتەوكردنی ئەم چوار كۆڵەگەیە كردووە، كە نێچیرڤان بارزانی بەو كۆڵەگانەی دەزانێت ئایندەی كوردستانی لەسەر بونیاد دەنرێتەوە، كەواتە بەدیدی ئەم ڕاپۆرتە ئەگەر سێ خاڵی یەكەم «ئاشتی و سەقامگیری و دیموكراتی» بوونی نەبێت پرۆسەی پەرەپێدان و ئاوەدانكردنەوەی كوردستان بوونیشی هەبێت هیچ بایەخێكی نییە، ئەمەیە وامان لێدەكات زیاتر لەسەر ئەو خاڵانە هەڵوەستە بكەین كە بوونە بنەما بۆ سەركەوتنی پەرەپێدانی ئابووری و ڕێكخستنەوەی ژێرخانی سیاسیی و كۆمەڵایەتی و ئابووری كوردستان، نەك خودی پەرەپێدانی ئابووری، بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا نێچیرڤان بارزانی بۆ چەسپاندنی سێ كۆڵەگەی یەكەم چ هەنگاوێكی هەڵگرتووە، تا گەیشتۆتە ئەوەی هەنگاوی گەورە لەبواری پەرەپێدانی ئابووری هەڵبگرێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە دەستپێكی كابینەی پێنجەم وەڵاممان دەداتەوە، بەوەی هەموو ئامانجی نێچیرڤان بارزانی یەكخستنەوەی هەردوو ئیدارەی (هەولێر و سلێمانی) بوو لەچوارچێوەی كابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، ڕاستە بڕیاری یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەكە بڕیاری هاوبەشی مەكتەبی سیاسیی پارتی و یەكێتی و لەچوارچێوەی هاوپەیمانی پارتی و یەكێتی بووە، بەڵام سەركەوتنی ئەم بڕیارە كەوتە سەرشانی نێچیرڤان بارزانی و ئەمەش سەركەتوو نەبووایە پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری بەم ئاستەی ئێستا گەشەسەندوو نەدەبوو، بۆیە هەنگاوی گەورە و گرنگی نێچیرڤان بارزانی لەسەركەوتنی بڕیاری یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەكەوە دەست پێدەكات، سەركەوتنی دووەم لە ئامادەباشی نێچیرڤان بارزانیەوە بۆ خستنەگەری توانای هەموو كوردستان بۆ ئەم ئامانجە ڕەنگدەداتەوە، بەتایبەتیش لەبواری دەسپێكی كردنەوەی كوردستان بەڕووی وەبەرهێنانی بیانی و سەرنجڕاكێشانی وەبەرهێنانی بیانی بۆ ئەوەی بێنە كوردستان و سەرمایەكانیان بخەنەگەڕ، ئەمە تەنها دروشمێك نەبووە بۆ ئیستهلاكی محەلی و یان سیاسەتێك بێت بۆ بەرژەوەندی پارتی خرابێتەڕوو، نەخێر ئەمە كەتەلۆكی ئایندەی كوردستانە و پێویستی بەوەیە هەموو تاكێكی كوردستان و هەموو لایەنە سیاسیەكانی كوردستان بەشداری تێدابكەن، بەمجۆرە:

١- نێچیرڤان بارزانی كاتێك لەلایەن سەرۆكی كوردستان و پەرلەمانەوە ڕاسپێردرا كابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان پێكبهێنێت، كابینەیەكی بنكە فراوانی ئەوتۆی پێكهێنا كە جێگەی هەموو لایەنە سیاسیەكانی كوردستان «بەجیاوازی ئایین و نەتەوە و بیربۆچوونی سیاسییەوە» تێداكردەوە،

**ئەمڕۆ لەكوردستان خۆشەویستی نێچیرڤان بارزانی و هەنگاوە مەزنەكانی وامان لێناكات دژی دیموكراتی ڕابوەستین و بڵێین تەلاری ئەنجوومەنی وەزیران خۆ ئوتێل نییە و نێچیرڤان بارزانی ئیقامەكەی تەواو بوویێت**

**هەنگاوی گەورە و گرنگی نێچیرڤان بارزانی لەسەركەوتنی بڕیاری یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەكەوە دەست پێدەكات، سەركەوتنی دووەم لە ئامادەباشی نێچیرڤان بارزانیەوە بۆ خستنەگەری توانای هەموو كوردستان بۆ ئەم ئامانجە ڕەنگدەداتەوە**

ئەمە پەیامی یەکەمی نێچیرڤان بارزانی بوو، بەوەی ئەرکی ئەم قۆناخە قورسە و دەبێت هەموومان شانی خۆمانی بخەینەبەر.

٢- دوای تەنها ٦٠ رۆژ لەدەستبەکاربوونی کابینەی پێنجەم، یاسای وەبەرهێنان خرایە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان و پەسەندکرا، ئەم یاسایە ساڵێك پێشتر ئامادەکرابوو، بەڵام بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەکابینەی چوارەم ئەم یاسایەی پێشکەشی پەرلەمان نەکرد بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت، کە بەدڵنیاییشەوە پەسەند دەکرا، بەڵکو هەڵیگرت بۆ کابینەی پێنجەم، لەبەرئەوەی پرۆسەی پەرەپێدان پێویستی بەئاشتی و یەکڕیزی و یەك ئیرادەیی ماڵی کوردستان هەبوو، ئەم دووربینییەی نێچیرڤان بارزانی وایکرد پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە سەرکەوتنی گەورە بەدەستبهێنێت.

٣- دوای سەرکەوتنی کابینەی پێنجەم لەپیادەکردنی یاسای وەبەرهێنان و بوونی کوردستان بە وۆرك شۆپێکی گەورە، نێچیرڤان بارزانی ئەو قەناعەتەی لا دروست بوو، وەبەرهێنەرانی بیانی تەنها ئەو پرۆژانەمان بۆ دروستدەکەن، کە لەماوەیەکی کورتدا پارەکە دەگەڕێتەوە بۆ وەبەرهێنەکە، وەبەرهێنانی بیانی ناتوانن پرۆژەی ستراتیژی دوورمەودامان بۆ ڕێکخستنەوەی ژێرخانێکی پتەو بۆ جێبەجێ بکەن، بۆیە بەدوای ئەو مافە دەستووریانە چوو، کە دەسەڵات دەدەنە هەرێمی کوردستان سوود لەسەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان وەربگرین، بۆ ئەمەش یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان داڕێژرا و ئامادەکرا، لەئابی ٢٠٠٧ رەشنووسی ئەم یاسایە لەسەر وێبسایتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەزمانی ئینگلیزی بۆ هەموو جیهان بڵاوکرایەوە و پاش ئەوەی یاساکە گەیشتە ئەو ئاستەی لەچوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی دەستووری عێراق بەهەرێمی کوردستانی داوە، پێی بگوترێت یاسای نەوت و گاز بەئاستی ستاندەری جیهانی، ئینجا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئابی ٢٠٠٨ یاساکەی خستە بەردەم پەرلەمانی کوردستان و بەتێکڕایی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا و پاشان لە ٩ی ئابی ٢٠٠٨ سەرۆکی کوردستانیش ئیمزای لەسەر کرد، گەورەیی ئەم هەنگاوەی نێچرڤان بارزانی لەوەدا نابینینەوە کە بڕی ٥ ملیار دۆلاری هێناوەتە کوردستان و تائێستا تەنها یەك ملیار لەو پێنج ملیارە بەکارهاتووە و چوارەکەی دیکەی بۆ کابینەی شەشەم دەمێنێتەوە، بەڵکو گەورەیی ئەم هەنگاوە لەوەدا دەبینرێتەوە کە ناحەزان و دوژمنانی هەرێمی کوردستانی گەیاندۆتە ئاستی شێتبوون و لەبەردەم راستگۆیی و شەفافیەت و هەنگاوە یاسایی و دەستوورییەکانی کە لە بەرانبەریدا هیچیان پێناکرێت.

**گەورەیی ئەم هەنگاوەی نێچرڤان بارزانی لەوەدا نابینینەوە کە بڕی ٥ ملیار دۆلاری هێناوەتە کوردستان و تائێستا تەنها یەک ملیار لەو پێنج ملیارە بەکارهاتووە و چوارەکەی دیکەی بۆ کابینەی شەشەم دەمێنێتەوە، بەڵکو گەورەیی ئەم هەنگاوە لەوەدا دەبینرێتەوە کە ناحەزان و دوژمنانی هەرێمی کوردستانی گەیاندۆتە ئاستی شێتبوون و لەبەردەم راستگۆیی و شەفافیەت و هەنگاوە یاسایی و دەستوورییەکانی کە لە بەرانبەریدا هیچیان پێناکرێت**

٤- لەهەموو ئەو خاڵانە گرنگتر، یان بەدیوێکی دیکە، خاڵێك کە جوانی و رەونەق بەو سێ هەنگاوەی پێشتری کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبەخشێت ئەوەیە، هیچ کام لەو هەنگاوانە لەسەر حسابی ئازادی و دیموکراتی نەبووە، ئەم حاڵەتە کە نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی حکومەت سەرۆکایەتی کردووە لەماوەی ٦٠ ساڵی رابردوو لەسەر ئاستی هەموو جیهان ئەگەر حاڵەتێکی بێ وێنەش نەبێت حاڵەتێکی دەگمەن بووە، ئێمە ئەمە لەخۆمانەوە و یان بۆ پیاهەڵدانی نێچیرڤان و حکومەتەکەی نالێین، بەڵکو ئەمە مێژووی ٦٠ ساڵی رابردووی نموونە سەرکەوتووەکانی بونیادنانەوەی دەوڵەت و بونیادی دیموکراتی لەجیهاندا.

### بونیادنەوەی دەوڵەت و پرۆسەی پەرەپێدان بەبێ باجدانی ئازادی

کاتێك باسی نموونە سەرکەوتووەکانی بونیادنانەوەی دەوڵەت لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە دەکرێت، (ژاپۆن و ئەڵمانیا) ئەو دوو دەوڵەتەن کە سەرجەم مرۆڤایەتی شانازی پێوەدەکات و وەك دوو نموونەی سەرکەوتوو سەیری دەکەن، هەر بۆیە جیهانی رۆژئاوا ئەم دوو نموونەیە دەکەن بە دەروازە بۆ دووبارەکردنەوەی لەولاتانی دیکەشدا، چەندین نموونەی دیکەش لەسەر شێوازی ژاپۆن و ئەڵمانیا بەسەرکەتوو و ناسەرکەتوو دووبارە کراونەتەوە.

پرۆفیسۆر لاری دایمۆند، کە یەکێکە لەبیریارە دیارەکانی جیهان لەسەر پرسی بونیادی دیموکراتی لەجیهان بەگشتی و لەدەوڵەتانی دوای شەڕ بەتایبەتی، لەلێدوانێکی تایبەت بەگوڵان پێی گوتین، هۆکاری سەرنەکەوتنی پرۆسەی دیموکراتی لەعێراقدا بۆ ئەوە دەگێڕمەوە ئەمریکا دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن هەوڵیدا شێوازی ژاپۆنی لەعێراق کۆپی بکاتەوە.

بەهەرحاڵ ئەوەیان باسی ئەم راپۆرتەی ئێمە نییە، بەڵام با سەیری ئەم دوو پرۆسە سەرکەتووە بکەین:

١- لە ژاپۆن لەدوای شەڕی دووەمی جیهانیەوە تا ساڵی ١٩٩٣ حکومەت تەنیا بەدەست یەك حزبەوە بوو ئەویش حزبی لیبراڵ دیموکراتی ژاپۆنی یە، ئەوجا ئەم حزبە هەر چوار ساڵ جارێك لەهەڵبژاردنەکان متمانە بەدەستدەهێنێتەوە یان نە، بەڵام لەماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵ کەشوهەوای سیاسی ژاپۆن بۆ ئازادییەکان نەیتوانی بوو سیستەمێکی پارتایەتی ئەوتۆ پیادەبکات کە بتوانرێت دستاودەستکردنی دەسەڵات لەنێوان پارتی لیبراڵ دیموکرات و پارتێکی دیکەی ژاپۆنی رووبدات. پارتی سیاسیی دیکەش دروستبوویێت وەك پارتی (کۆمیتۆی بووزی) هەوڵدراوە ئیحتوا بکرێت، بۆیە ئەم حزبە دەسەڵاتی هەر بەدەستەوەیە، ئەم نموونە گواسترایەوە بۆ وڵاتانی دیکەش لەوانە:

* کۆریا

لەساڵی ١٩٦٠ کاتێك پارك چانگ کودەتای بەسەر حکومەتەکەی سینگمان رەی کرد، ئەمریکا ترسی ئەوەی هەبوو کە پارك چانگ لەبەرئەوەی پاشخانێکی کۆمونیستی هەبوو حزبێکی ستالینی دابمەزرێنێت و کۆریای باشوور بەرەو بلۆکی سۆشیالیستی بگێڕنەوە، بەڵام کە بۆیان دەرکەوت پارك چانگ مۆدێلی ژاپۆنی دووبارە دەکاتەوە ئەمریکا پشتی گرت، پارك چانگ هەتاکو لەساڵی ١٩٨٠ تیرۆرکرا سەرۆکی کۆریای



باشور بووە.

* سەنگافورا

سـەنگافورە لەگەڵ ئەوەی پێشتر هەرێمێکی سەر بەمالیزیـا بووە و سـەربەخۆ بووە، بـەڵام ئەویش نموونەیەکی دیکەی کۆپی کراوە و لەساڵی ١٩٥٩ وە تائێسـتا حکومڕانی وڵات دەکات و هەتا ساڵی ١٩٦٨-١٩٨١ هەموو ئەندام پەرلەمانتارەکان سـەر بەپارتی کاری میللی سەنگافورا بوون.

* تایوان

لە دوای شـەڕی دووەمی جیهانیـەوە هەتا کۆتایی هەشـتاکان یەك حزب فەرمانڕەوا بـووە ئەویش حزبی کۆمینتانگـی تایوانـی بووە، واتـە دوای نزیکەی ٤٥ سـاڵ هەنگاو بۆ دیاردەی فرە لایەنی و سیستمی پارتایەتی هەڵگیراوە.

* چیلی

چیلـی کـە نموونەیەکی سـەرکەتووی پەرەپێدانە لەئەمریـکای لاتینی هەتا سـاڵی ١٩٨٨ لەژێـر دەسـەڵاتی دیکتاتۆریەکی وەك پینۆشی بووە.

* پرتوگال وئیسپانیا

ماوەی نزیکەی ٥٠ ساڵ ( ١٩٢٦- ١٩٧٤) لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆر سلازار بووە، ئیسپانیاش (١٩٣٩- ١٩٧٦) لەژێردەسـتی فرانکۆی عەسـکەرتار بووە، لەم ماوەیەدا لەهەردوو وڵات پەرەپێدان کراوە، بـەڵام نەتوانـراوە لەوپـەڕی رۆژئـاوای ئەوروپا پارێزگاری بەئازادییەکانەوە بکرێت.

٢- ئەڵمانیای رۆژئاوای ١٩٤٥- ١٩٨٩ و ئەڵمانیای یەکگرتوو لـە ١٩٨٩ -٢٠٠٩ تائێستاش سیستەمی پارتـایەتی سنووردارە و سیسـتـەمی بـانگـەشـەی هەڵـبژاردنیان لـەلایـەن حکـومـەتـەوە کـۆنتـرۆڵ دەکـرێـت، هەتـا ئێستاش حکـومـەتـی ئەڵمانیـا ئەو



دەسەڵاتەی هەیە گازندە لەسەر حزبێکی سیاسیی بەبیانووی پێشێلکردنی دیموکراتییەوە بەرزبکاتەوە بۆ دادگای باڵای ئەڵمانیا و حزبەکە رابگیرێت.

**٣-** ئەگەر لەسەر ئاستی دیموکراتیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیش نموونە وەربگرین، لەوانەیە دوو باشترین نموونە تورکیا و تونس بێت، ئەم دوو ولاتە لەڕووی سەقامگیری و دیاردەی بوونی پارتی سیاسیی لەوانەیە باشترین دوو دەوڵەتی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بن، بەڵام لەم دوو دەوڵەتەش ئەم دیاردانە بەدیدەکرێت:

* لەتونس و تورکیا رێگە نادرێت پارتێك هەبێت پاشکۆی ئیسلامی پێوەبێت، واتە لەتونس رێگە نادرێت بۆ نموونە کۆمەڵی ئیسلامی توونسی یان تورکی یان یەکگرتووی ئیسلامی تونسی یان تورکی هەبێت، هەر حزبێکی سیاسیی پاشکۆی ئیسلامی پێوە بێت مۆڵەتی کارکردنی پێنادرێت.

* لەتورکیا مۆڵەت بەو پارتانەش نادرێت کە پاشکۆی حزبەکە ئاماژە بێت بۆ کەمە نەتەوەیەك، واتە ئێستا لەتورکیا کورد بۆی نییە پارتێکی هەبێت بەناوی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کوردستان یان کوردی، بەڵام لەکوردستان دەیان حزب و گروپ و کۆمەڵەی تورکمانی و ئاشووری و کلدانی ...هتد بوونی هەیە.

ئەم نموونانە پێویست و گرنگ بوون لەم راپۆرتە ئاماژەیان پێبکەین، لەبەرئەوەی خوێنەری ئەم راپۆرتە هەستبکات پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە و پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت هێندە کارێکی ئاسان نییە، لەمەش زیاتر بۆ ئەوەی خوێنەری ئەم راپۆرتە هەست بەو راستییە بکات لەمێژووی کۆن و نوێدا هیچ سەرکردەیەك نەبووە بتوانێت لەپرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت سەرکەتوو بێت و سانسۆری نەخستبێتە سەر ئازادییەکان، ئێمە لەنموونەکانی پێشتر باسی ئەزموونی تەنها ٥٠-٦٠ساڵمان کرد، بەڵام ئەگەر بۆ مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بگەڕێینەوە، ئەوا زۆر راشکاوانە دەبینن سەرۆکێکی وەك جۆرج واشنتۆن، دیگۆل، لەبەر پاراستنی شکۆی نەتەوەکانیان، پارتە سیاسیەکانیان بەگەورەترین دوژمنی کۆمەڵگەی خۆیان زانیوە، بۆ ئەوەی واتێنەگەین سیاسەتی ئێستای جیهانی گۆڕانی بەسەر داهاتووە و ئەمە هەڵدانەوەی لاپەرەی کۆنە، ئێستاش لەکۆی ١٩ دەوڵەتی ئەمریکای لاتینی ئەو دەوڵەتانەی کە دەکرێت بڵێین شێوازێك لەفرەلایەنی هاوشێوەی هەرێمی کوردستانی تێدا پیادەکرابێت، تەنها مەکسیك و پاراگوایە، لەهەموو ئەفریقیا تەنها باشووری ئەفریقیایە،

لەهەموو دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست بەئەوروپی و ئاسیاییەوە تەنها ئەو چەند دەوڵەتەن پاشخانێکی لیبراڵیزمیان هەیە، ئێستا خراپترین سیستمی پارتایەتی لەکۆماری رووسیای فیدراڵە، لەئاسیاش بەرۆژهەڵات و ناوەند و رۆژئاواوە، تەنها هیندستان-ە، کە دەکرێت پێی بڵێین ئازادییە سیاسییەکان وەك پێویست بوونی هەیە، هۆکاری بوونی ئەم ئازادییەش لەهیندستان دەگەڕێتەوەو بۆ پاشماوەی حکومڕانی بەریتانی و کولتووری لێبوردەیی گاندی.

بەڵام لە هەرێمی کوردستان لەماوەیەکی زۆر کورت و لەیەکەم ئەزموونی سیاسی نێچیرڤان بارزانیدا ئەم حاڵەتە گەیاندرایە ئەوەی کە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، وەك برۆکینگز، ئامۆژگای واشنتۆن بۆ رۆژهەڵاتی نزیك. ئامۆژگای کارینجی زۆر بەئیعجابەوە باس لەهەڵبژاردنەکانی تەمموزی رابردوو و دیاردەی سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستاندا بکەن، ئەمانە بەرهەمی ئەو سیاسەتە ئەکتیڤ و لۆژیکانەیەی نێچیرڤان بارزانی بوو، کە لەماوەی کەمتر لە ٣ ساڵدا توانی کوردستان لەجیهانی سێیەمەوە لەڕووی سیاسییەوە بگەیەنێتە ئاستی جیهانی یەکەم و ئەو دەوڵەتانەی سەدان ساڵە دەستووری لیبرالیزم پیادەدەکەن.

بۆیە دەسکەتەکانی نێچیرڤان بارزانی لەکابینەی پێنجەم، تەنها بریتی نییە لەوەی بودجەی چۆن لەبەغدا وەرگرتووە و چۆن بەشێوەیەکی رێکوپێك بۆ خزمەتکردن و خزمەتگوزاری پێشکەشی کردوون، بەڵکو سەرکەوتنەکانی نێچیرڤان بارزانی بریتی بووە لەوەبەرهێنانی توانای مرۆیی کوردستان و بەکارهێنانی بۆ دۆزینەوەی سامان و تواناکانی کوردستان لەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوەدا، لەماوەیەکی زۆر پێوانەیدا توانی کوردستان لەوڵاتێکی موستەهلیکەوە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێك کە توانای ئەوەی هەیە نەوت بنێرێتە دەرەوە و کوردستان بخاتە سەر نەخشەی دەوڵەتانی خاوەن وزە لەجیهانیدا، کە هەموو دەوڵەتانی پیشەسازی جیهان بەگشتی و گروپی G٨ ناچاردەبن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

**پاراستنی ئازادیەکان و هەنگاو هەڵگرتن بۆ سەروەریی یاسا لەسەرووی هەموو دەسکەتەکانی کابینەی پێنجەمەوەیە**

لەبەرئەوەی عێراقیش ئەو دەوڵەتە رۆژهەڵاتییەیە کە هەرگیز نە لەدوور نە لەنزیك رۆژێك لەرۆژان بەدرێژایی مێژوو دەستووری لیبرالیزمی تێدا پیادە نەکراوە، بۆیە ئێستاش چەمکی سەروەری یاسا بەمانای حکومڕانیکردن بەیاسا شرۆڤە دەکرێت یان پیشاندەدرێت، ئێستا حکومەتی مالیکی لەوپەڕی هەوڵدایە بۆ ئەوەی چەمکی سەروەریی یاسا کە لەدەستووری عێراقدا ئاماژەی پێکراوە بگۆڕێت بۆ حکومڕانیکردن بەو یاساو بڕیارانەی کە خودی حکومەت دەریدەکات، بۆ نموونە لەدەستووردا هاتووە سەرۆك وەزیران فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، ئەم فەرماندەیە تەنها لەو کاتەی هەرێمی کوردستان پێویستی بەسوپای عێراق بێت و پەرلەمانی کوردستان داوا لەپەرلەمانی عێراق بکات کە پێویستی بەهێزە، ئینجا فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ پەرلەمانی کوردستان، فەرمان دەدات بەپێی داواکەی پەرلەمانی کوردستانەوە بچێت و پاشانیش کە پەرلەمانی کوردستان داوای کشانەوەی هێزەکانی کرد دەستبەجێ بکشێنەوە، ئەم حاڵەتە کە دەسەڵاتی دەستوور سەرۆکوەزیران دەخاتە ژێر دەسەڵاتی سەروەری یاساوە، هەتا ئێستا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هەرس ناکرێت و پێیانوایە ملکەچبوونی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ سەروەری یاسا کەمکردنەوەی شکۆی پۆستی سەرۆکوەزیرانە لەعێراقدا. ئەم نموونەیە پێویستبوو بۆ ئەوەی سەختی چەمکی هەنگاو هەڵگرتن بۆ پیادەکردنی سەروەری یاسا لەکوردستانیش تێبگەین، ئەمەش لەبەرئەوەیە ئەگەر عێراق ماوەی ١٠٠ ساڵە خاوەنی ئەزموونێکی حکومڕانییە بەو شێوەیە لەچەمکی سەروەریی یاسا تێبگات، بێگومان ئاستی هۆشیاری سیاسیی و یاسایی خەڵکی کوردستانیش ئەگەر خراپتر نەبێت باشتر نەبووە، لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان لەماوەی ٥٠ ساڵی رابردوو حکومەتە یەك لەدوایەکانی عێراق نەك هەر حکومڕانی بەیاسای حکومەتەکانی عێراقیشی نەبینیووە، بەڵکو بەردەوام لەباری نائاسایدا حیسابی بۆکراوە و ئەو یاسایەی لەهەولێر جێبەجێکراوە لەرومادی بوونی نەبووە و ئەوەی لەسلێمانی جێبەجێکراوە لەبەسرا بوونی نەبووە.

بۆیە کاتێك ئێمە لەم راپۆرتە دوو مەسەلەی گرنگ وەك پاراستنی ئازادییەکان و هەنگاو هەڵگرتن بۆ سەرورەی یاسا دەخەینە سەروو هەموو دەسکەوتەکانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەوانەیە زۆر لەخوێنەرانی ئەم راپۆرتە پێمان بڵێن، کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسکەوتی زۆر لەمە گەورەتری هەیە، ئایا چارەسەرکردنی کێشەی بێ ئاوی و دابینکردنی وزەی کارەبا و چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون لەو دەسکەوتانە گرنگتر نین کە ئێوە باسی دەکەن؟ ئێمە لەوەڵامی ئەو خوێنەرە دڵسۆزانە دەڵێین ئەگەر هەموو دەسکەوتەکانی کابینەی پێنجەم، پاراستنی ئازادییەکان و هەنگاو هەڵگرتنی بۆ سەروەریی یاسا لەگەڵ نەبێت، ئەوا ئەو دەسکەوتانە هەشبن دەسکەوتی کۆمەڵگەیەکی داخراو دەبن نەك کراوە، بۆیە پاراستنی ئازادییەکان و هەنگاو هەڵگرتن بۆ پیادەکردنی سەروەریی یاسا، رێگەیەکی راستمان بۆ ئایندە پیشاندەدات و دەبێتە پردی بەستنەوەی رابردوو و ئێستا و ئاییندە پێکەوە، ئەمەش واتە کەمن ئەو سەرکردانەی بەئاستی نێچرڤان بارزانی لەو راستییە تێدەگەن، کە دەبێت مێژوو ئامادە بکرێت بۆ بونیادی ئایندە نەك بۆ بونیادی دەسەڵات و خۆبەستنەوە بەکورسی دەسەڵاتەوە، ئەمەش ئەو شیرینیە کە دوای لێکردنەوەی لەدارەکە، واتە دوای ماڵئاوایی نێچیرڤان بارزانی لەئەنجوومەنی وەزیران تامی شیرینیەکەی دەکەین.

**نێچیرڤان بارزانی لەماوەی کەمتر لە ٣ ساڵدا توانی کوردستان لەجیهانی سێیەمەوە لەڕووی سیاسییەوە بگەیەنێتە ئاستی جیهانی یەکەم و ئەو دەوڵەتانەی سەدان ساڵە دەستووری لیبرالیزم پیادەدەکەن**

**کەمن ئەو سەرکردانەی بەئاستی نێچرڤان بارزانی لەو راستییە تێدەگەن، کە دەبێت مێژوو ئامادە بکرێت بۆ بونیادی ئایندە نەک بۆ بونیادی دەسەڵات و خۆبەستنەوە بەکورسی دەسەڵاتەوە**



راستە لەکاتی
نەبوونی دارایی
و ئابوورییەکی
بەهێزدا ناتوانرێت
ژێرخانی وڵاتەکە
بنیاتبنرێتەوە،
بەڵام لەهەندێ
کاتدا بوونی
حکومڕانێتی باش
خۆی لەخۆیدا
دەبێتەهۆی
هێنانەدی
ئابوورییەکی
گەشەکردوو

## کلۆدیا پامفێل بۆ گوڵان:

# ئەوەندەی من ئاگاداربم کوردستان مۆدێلێکە لەناوچەکە و بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر لەبەرەوپێشچووندایە

**خاتوو کلۆدیا پامفیڵ، ئوستادی پلاندانانی شار و حکومڕانییە لەزانکۆی بوخارست لەرۆمانیا و پسپۆرە لەبواری پلاندانان و هەڵسەنگاندنی حکومڕانی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، خاتوو کلۆدیا وەك لەم دیمانەیەشدا ئاماژەی پێکردووە، ئاگاداری بارودۆخی حکومڕانییە لەکوردستان و بەمجۆرە ئاستی حکومڕانی لەکوردستان هەڵسەنگاند و سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** هەرێمی کوردستان وڵاتێکی دوای شەڕە و سەرەڕای نەبوونی ئەزمونی دیموکراسی، ئێمە هەستدەکەین دیموکرسی لەئارادایە و هەوڵێکی گەورە دەدرێت بۆ بەرەوپێشبردنی هەرێمەکە لەهەموو لایەکەوە، ئایا تا چ ڕاددەیەك بوونی دیموکراسی و گەشەکردن ئاماژەن بۆ حکومڕانێتی باش؟ یاخود چۆن پێناسەی حکومڕانێتی باش دەکەن؟**

- ئەوەندەی من ئاگاداری بارودۆخی کوردستان بم، ئەوا لەڕووی یاساییەوە کوردستان ئاستێکی دیاریکراوی ئۆتۆنۆمی بەدەستهێناوە، بۆ نموونە



جۆرێك لەسەربەخۆیی هەیە لەبوار و مەسەلە ئیداری و داراییەکاندا. کەواتە لەم ڕووەوە چەند هەنگاوێك هەڵگیراون،

بەو پێیە حکومەتی مەحەلی لەو هەرێمەدا دەسەڵاتی پێویستی هەیە بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی هەرێمەکە بەشداری پێبکات لەپەرەپێدانی سیاسەتی گشتیدا. من پێموایە گرنگترین شت لەم ڕووەوە ئەوەیە دەبێت ڕێز لەبەرژەوەندیە بنەڕەتیەکانی هاوڵاتیان و کۆمەڵگەکە بگیرێت و ڕەچاوبکرێن لەکاتی دارشتن و گەلاڵەکردنی سیاسەتی گشتیدا. ئەمەش بەپێی جیاوازی کۆمەڵگە و وڵاتان دەگۆڕێت، ڕاستە هەموومان شایستەی بەدەستهێنانی هەمان هەلومەرج و دەستکەوتین، بەڵام مەرج نییە هەموومان



پێویستە سوود لەو دەرفەتانە وەربگرن کە بۆتان دەرەخسێت و پێویستە بەردەوام خۆتان سەرقاڵ بکەن بەپرۆسەی فێربوونەوە

هەمان ئامانج بەدەستبهێنین، سیاق و بارودۆخی هەر وڵاتێك جیاوازە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە

*** ئایا تا چ رادەیەك بنیاتنانەوەی ژێرخان بۆ ئەم وڵاتانە گرنگە؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە، بەڵام رەنگە زۆر بنەرەتی نەبێت، بۆ نموونە راستە لەکاتی نەبوونی دارایی و ئابوورییەکی بەهێزدا ناتوانرێت ژێرخانی وڵاتەکە بنیاتبنرێتەوە، بەڵام لەهەندێ کاتدا بوونی حکومڕانێتی باش خۆی لەخۆیدا دەبێتەهۆی هێنانەدی ئابوورییەکی گەشەکردوو، لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ناتوانن بەدڵنیاییەوە ئەو مەسەلەیە یەکلابکەینەوە کە کامیان پێش کامیانن، ئەمە دەقاودەق وەك مەسەلەی هێلکە و مریشکەکەی لێهاتووە، ئەم دوو مەسەلەیەی پێکەوەگرێدراون. بۆ نموونە ئەگەر وڵاتێك سەرچاوەیەکی سروشتی گەورەی هەبوو، لەهەمانکاتدا کۆمەکێکی دەرەکی زۆری بەدەستهێنا، ئەوا سەرکەوتوو نابێت ئەگەر حکومڕانێتییەکی باشی پیادەنەکرد و ئیدارەیەکی گشتی کارای نەبوو، کەواتە داهات یان هێزی ئابووری بەتەنها چارەسەرنییە. من پێموایە لەم رووەوە شتێکی یارمەتیدەر دەبێت ئەگەر حکومەت هەڵبستێت بەهاندانی کەرتی تایبەت و چوارچێوە و ژینگەیەکی گونجاوی بۆ برەخسێنێت بۆ ئەوەی بەشداربێت لەدابینکردنی کاڵا و بەرەوپێشبردنی ئابووریدا.

*** ئەگەر موعارەزەیەکی کارا لەئارادابێت ئایا دەتوانین بڵێین دەکرێت حکومڕانێتی باش و دیموکراسی لەو وڵاتەدا بەدی بهێنرێت؟**

- لەرووی تیورییەوە ئەگەر موعارەزە بۆ پارتی حکومڕان لەئارادابێت ئەوا حکومەت کۆنترۆڵکراوە، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی ئەو وڵاتانەی بە قۆناخی ئینتیقالیدا تێپەڕیون، بەتایبەتی وڵاتانی دوای کۆمۆنیستی، ئەوا ململانێ روونادات و تەنها پۆستەکان دەگۆڕێن-ئەمە ئەگەر هەر رووبدات- و زیاتر کەسایەتییە دەسترۆیشتوەکانی رابردوو دووبارە سەنگ و کاریگەریان دەبێت.

*** بەڵام ئێمە لەکوردستاندا هەوڵدەدەین نموونەیەك یان مۆدێلێك پێشکەش بکەین بەوڵاتانی ناوچەکە؟**

- ئەمە شتێکی سەرنجراکێشە و ئەوەندەی من ئاگادارابم حاڵی حازر کوردستان مۆدێلێکە لەناوچەکەدا، لەبەرئەوەی بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر لەبەرەوپێشچوندایە

*** ئەی سەبارەت بەرۆڵی راگەیاندنی ئازاد و دابینکردنی زەمینەی لەبار بۆ میدیای ئازاد؟**

- دەبێت راگەیاندن بەراستی ئازاد بێت و ئەگەر لەئەزموونی ئێمەوە حوکم بدەین، ئەوا دەبێت بەچاوی گومانەوە لەهەر هەوڵێك بروانین بۆ سنووردارکردنی راگەیاندن، راستە رەنگە هەندێجار کەڵکی خراپ لەراگەیاندن وەربگیرێت، بەڵام من باوەڕم وایە لەپرۆسە و رەوتی بەرەوپێشچوونی راگەیاندندا ئەم هەڵانە راستدەکرێنەوە، لەبەرئەوە من دژی کۆنترۆڵکردنی راگەیاندنم.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان شانازی بەوەوە دەکات کە هیچ زیندانیەکی سیاسی نییە لەهەرێمەکەدا، ئایا ئەمە چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟**

- ئەوە شتێکی مەزنە و لەراستیدا ئەگەر بمانەوێت دیموکراسی بین، ناکرێت ئازادی ئیرادەی سیاسی دەستەبەرنەکەین و من ناتوانم ئەوە بهێنمە بەرچاوی خۆم کە لەدیموکراسیدا خەڵکی لەسەر بیروباوەڕی سیاسی سەرکوت بکرێت.ئەوەی گرنگە ئەوەیە هاوڵاتیان هەست بەئاسایش بکەن و متمانەیان بەحکومەت و دەسەڵاتەکەیان هەبێت، ئەوکاتە دەتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کار بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراسی دەکرێت. دیموکراسیش بێ کەم وکوڕی نییە، بەڵام باشترین بەدیلە تائێستا لەمێژوودا بەدەستهێنرابێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

من تەنها دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە پێویستە سوود لەو دەرفەتانە وەربگرن کە بۆتان دەرەخسێت و پێویستە بەردەوام خۆتان سەرقاڵ بکەن بەپرۆسەی فێربوونەوە.

**جۆرج ماكلین بۆ گوڵان:**

# پرۆسەی ئاڵوێركردنی ئاشتیانەی دەسەڵات پەیامێكە بۆ هاوڵاتیانی وڵات كە سەردەمی توندوتیژی كۆتاییهات

**پرۆفیسۆر جۆرج ماكلین، سەرۆكی بەشی دیراساتی سیاسییە لەزانكۆی مانیتۆبا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرۆگرامەكانی ئاشتی و دیراسەتی تەنگژەكان پرۆسەی حكومڕانی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، بۆ قسەكردن لەسەر ئەم پرسە پرۆفیسۆر ماكلین بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** ئاڵوگۆری دەسەڵات پێ پەنابردنەبەر توندوتیژی و بەشێوەیەكی ئاشتیانە یەكێكە لەسیما جوانەكانی دیموكراسی، ڕەنگە ئەمە بۆ وڵاتانی ئەوروپا شتێكی ئاسایی بێت، بەڵام بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵات دەسكەوتێكی گەورەیە. پرسیارەكە ئەوەیە ئایا پیادەكردنی دەستاودەستكردنی ئاشتیانەی دەسەڵات لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا چ مانایەك دەگەیەنێت؟**

- ئەمە پرسیارێكی باشە، لەڕاستیدا ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات لەلایەكەوە پەیامێك دەدات بەكۆمەڵگەی جیهانی كە پرۆسەی بەدیموكراتیكردن دەرئەنجام و دەرهاویشتەی باشی لێدەكەوێتەوە، لەلایەكی دیكەوە پەیامێكیش دەدات بەهاوڵاتیانی وڵاتەكە كە پیادەكردنی ئەم شێوازی ئاشتی لێدەكەوێتەوە و سەرناكێشێت بۆ خەباتێكی توندوتیژئامێز.

*** هەرێمی كوردستان وڵاتێكی دوای شەڕە و سەرەڕای نەبوونی ئەزمونی دیموكراسی، ئێمە هەستدەكەین دیموكرسی لەئارادایە و هەوڵێكی گەورە دەدرێت بۆ بەرەوپێشبردنی هەرێمەكە لەهەموو لایەكەوە، ئایا تا چ ڕاددەیەك بوونی دیموكراسی و گەشەكردن**



**ئاماژەن بۆ حكومڕانێتی باش؟ یاخود چۆن پێناسەی حكومڕانێتی باش دەكەن؟**

- لێرەدا چەند مەسەلەیەك لەئارادیە، بۆ نموونە ئایا بەچ شێوەیەك دیموكراسی دەبێتەهۆی هێنانەدی مافە سیاسی و ئازادیە مەدەنییەكان، مەبەستمان لەمافە سیاسیەكان بەشداری خەڵكە لەهەڵبژاردنەكاندا، دەنگدان و بوونە ئەندامە لەپارتە سیاسیەكان و خۆپاڵاوتنە بۆ پۆستە گشتییەكان، هەروەها ئازادیە مەدەنیەكانیش ئازادی ڕادەبرین و بیروباوەڕ و كۆبوونەوە دەگرێتەوە، لەگەڵ سەروەری یاسا و پاراستنی سەربەخۆی تاكەكەس و ڕێگرتن لەدەستێوەردانی دەسەڵات لەژیانی تایبەتیدا، بەو پێیە دیموكراسی تەنها ئەنجامدانی هەڵبژاردن نییە و ئەمەش تەحەدداكەیە لەبەردەم ئەو وڵاتانەی دەستیان كردووە بە پرۆسەی بەدیموكراتیكردن.

*** ئاستەنگی سەرەكی لەبەردەم وڵاتانی دوای شەڕدا، بریتیە لەدووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی وڵاتەكانیان، ئایا تا چ ڕاددەیەك بنیاتنانەوەی ژێرخان بۆ ئەم وڵاتانە گرنگە؟**

- گومان لەوەدانییە بوونی ئابووریەكی بەهێز دەبێتە پاڵپشتێكی باش بۆ بەرەوپێشچوونی دیموكراسی، بەڵام لەهەمانكاتدا دەبێت پەیوەندیەكی پتەو و بەهێزیش هەبێت لەگەڵ دەوڵەتە دیموكراسیەكانی ناوچەكەدا. لەم ڕووەوە وڵاتانی ڕۆژئاواش بەرپرسیارێتیان لەئەستۆیە بۆ یارمەتیدانی ئەو وڵاتانەی لەچوارچێوەی پرۆسەی بەدیموكراتیكردندا هەوڵی گەشەپێدانی

**مەرج نییە ئەزمونی وڵاتانی ڕۆژئاوا پێوەربێت بۆ هێنانەدی دیموكراسی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا**



ئابووریەکانیان دەدەن.

*** ئایا دەکرێت لەم ڕووەوە سوود لەئەزموونە سەرکەوتووەکانی وڵاتانی دیکە وەربگیرێت؟**

- بەڵێ دەتوانرێت، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە ئەزمونی وڵاتانی ڕۆژئاوا پێوەربێت بۆ هێنانەدی دیموکراسی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا، بۆیە دەکرێت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش شێوازی خۆیان بگرنەبەر و ڕێگەیەك نەگرنەبەر کە مەحاڵ بێت بتوانن لەڕێیەوە ئامانجەکانیان بەدی بهێنن.

*** ئایا گرنگترین خاڵ چیە کە دەبێت وڵاتانی ڕۆژهەڵات بیکەنە دەستپێکی کارەکانیان؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە و من دەڵێم دەبێت هاوڵاتیان و ئەندامانی کۆمەڵگەکە ئازادبن لەبەشداریکردن لەسیستمەکەدا، واتە نەك تەنها مافی دەنگدانیان هەبێت، بەڵکو دەبێت بتوانن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری بکەن، جا ئەو بەشداریکردنە لەڕێی بوونە ئەندام بێت لەپارتە سیاسیەکاندا، یان لەڕێکخراوەکاندا یان هەر شێوازێکی دیکە، ئەگەر هاوڵاتیان هەستبکەن بواری بەشداریکردنیان نییە، ئەوا مەترسی شکستهێنانی دیموکراسیەکە دێتەئاراوە.

*** لەوڵاتانی دوای شەڕدا، سیستمی سیاسی و پارتە سیاسیەکان لەپێگەیەکدانین بتوانن حکومڕانێتی باش بهێننە ئاراوە و دیموکراسی بنیاتبنێن. بەڵام ئەگەر بتوانرێت لەوڵاتێکی ڕۆژهەڵاتیدا ئیدارەی سیستمە سیاسیەکە بکرێت و موعارەزەیەکی کارا لەئارادابێت، ئایا دەتوانین بڵێین دەکرێت حکومڕانێتی باش و دیموکراسی لەو وڵاتەدا بەدیبهێنرێت؟**

- ئەوە ڕاستە کە کارایی حکومەت و دەسەڵاتی دیموکراسی لەبوونی موعارەزەدایە و لێکدانەوەکەی ئێوەش ڕاست و دروستە کە بوونی موعارەزە زەرورەتە و یەکێکە لەپێداویستییەکانی دیموکراسی. پێموایە ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئایا هاوڵاتیان بواری بەشداری کردنیان پێدەدرێت یاخود تەنها دەبنە شوێنکەوتەی تاقە سەرکردەیەکی بەهێز.

*** ئێمە دەزانین ڕاگەیاندنی ئازاد یەکێکی دیکە لەسیماکانی دیموکراسی، بەڵام لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا ئەگەر لایەنێك نەبێت چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی ڕاگەیاندنی ئازاد، ئایا خوێندنەوەت چی دەبێت بۆ ئەم بارودۆخە؟**

- ئەمە پەیوەندی بەئازادی هاوڵاتیانەوە هەیە، ناکرێت کۆمەڵگەیەك دیموکراسی بێت ئەگەر ئازادی ڕۆژنامەگەری نەبێت، بەو پێیە ئەگەر ڕۆژنامەگەری ئازاد نەبوو، ئەوا هاوڵاتیانیش ناتوانن زانیاری پێویست بەدەستبهێنن دەربارەی چۆنیەتی کارکردنی سیستمە سیاسیەکە، هەر لەبەرئەمەش لەسەرەتادا ئاماژەم بەوەکرد کە دیموکراسی هێنانەدی مافە سیاسی و ئازادیە مەدەنیەکان لەخۆدەگرێت.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان شانازی بەوەوە دەکات کە هیچ زیندانیەکی سیاسی نییە لەهەرێمەکەدا، ئایا ئەمە چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟**

- ئەوە هەنگاوێکی ئیجابیە، بوونی هاوڵاتیان لەزیندانەکاندا لەسەر بیروباوەڕی سیاسی بەمانای نەبوونی ئازادی دێت، کەواتە ئەمە ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ گەشەکردنی دیموکراسی لەو هەرێمەدا. بەڵام ئەم پرۆسەیە درێژخایەنە و بەکاتێکی کەم ڕونادات، بەپێی ئەو وەسفەی ئێوە دەیکەن وا دیارە کە یەکەم هەنگاوی پێویست لەم ڕووەوە هەڵگیراوە لەکوردستاندا، لەهەمووشیان دیارتر ئازادی بیروباوەڕی سیاسی و ئازادی ڕۆژنامەگەرییە.

**کارایی حکومەت و دەسەڵاتی دیموکراسی لەبوونی موعارەزەدایە و بوونی موعارەزە زەرورەتە و یەکێکە لەپێداویستییەکانی دیموکراسی**

**گرانت جۆردن بۆ گوڵان:**

# نەبوونی زیندانی سیاسیی لەژێر سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەنگاوێکی ئومێد بەخشە

**پرۆفیسۆر گرانت جۆردن، سەرۆکی بەشی زانستە سیاسییەکانە لەزانکۆی ئەبەردین لەبەریتانیا و پسپۆرو تایبەتمەندە لەفەلسەفەی سیاسەت و حکومڕانی لەوڵاتانی دیموکراتیدا و یەکێکە لەو تۆژەرە چالاکانەی کە زاکۆی ناوبراو لەویبسایتی خۆیدا ئاماژەی پێکردووە، سەبارەت بەهەڵسەنگاندنی چۆنیەتی پرۆسەی حکومڕانی و پیادەکردنی پرۆسەی سیاسیی لەهەرێمی کوردستان، پرۆفیسۆر جۆردن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**پێوەری دیموکراسیبوونی حکومەتێک ئەوەیە تا چ ڕادەیەک لەئاست خواستی هاوڵاتیاندایە و تا چ ڕادەیەک گوشارە جەماوەرییەکان کاریگەر دەبن لەناچارکردنی حکومەت بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییەکانیان**

*** ئایا کامیان لەپێشترن، بەها دیموکراسیەکان یاخود مومارەسە دیموکراسییەکان؟**

- وەڵامی من بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە من پێموانییە دیموکراسی تەنها بریتی بێت لەئەنجامدانی هەڵبژاردن و کارکردن بەبنەمای زۆرینە و هتد، بەڵکو لەهەمانکاتدا پێوەری دیموکراسیبوونی حکومەتێک ئەوەیە تا چ ڕادەیەك لەئاست خواستی هاوڵاتیاندایە و تا چ ڕادەیەك گوشارە جەماوەریەکان کاریگەر دەبن لەناچارکردنی حکومەت بۆ وەڵامدانەوەی داواکاریەکانیان. نابێت تەنها کار بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و گۆڕینی حکومەت بکەین، بەڵکو دەبێت لەهەمانکاتدا کار بۆ چەسپاندنی سەروەری یاسا و پاراستنی مافە کەمینەکانیش بکەین، بۆ نموونە کاتێك پارتێك یان لایەنێك زۆرینە بەدەستدەهێنێت دەبێت زەمانەتی پاراستنی مافی کەمینەکانیش بچەسپێنرێت.

*** کەواتە بەڕای بەڕێزت سیماکانی ناسینەوەی حکومڕانی باش چین؟**

-ڕەنگە یەکێك لەشێوەکانی ناسینەوەی حکومڕانێتی باش ئەوەبێت کە چی بوونی نییە لەبری ئەوەی چی لەئارادایە، بۆ نموونە نەبونی گەندەڵی یەکێکە لەئاماژەکانی بوونی حکومڕانێتی باش. هەروەها لێرەدا دەمەوێت جەخت لەسەر گرنگی ئازادی ڕۆژنامەگەری بکەمەوە، واتە دەبێت ڕێز لەبیروبۆچوونە جیاوازەکان بگریت و لێبوردەبین لەئاست بیروباوەڕی



پێچەوانەدا، واتە ئەگەرچی هاوڕانەبێت لەگەڵدا، بەڵام دەبێت قبوڵی بکەیت. واقیعەکە ئەوەیە هەندێ جار بوونی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی ئازاد کێشە زیاتر دەخولقێنێت لە نەبوونی ڕاگەیاندنی ئازاد، واتە مەسەلەکە هەڵبژاردنە لەنێوان بەدیلە جیاوازەکاندا، بەڵام ڕای شەخسی من ئەوەیە نابێت لەسایەی هیچ هەلومەرجێکدا ئازادی ڕۆژنامەگەری سنووردار بکرێت.

*** ئاستەنگی سەرەکی لەبەردەم وڵاتانی دوای شەڕدا، بریتیە لەدووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی وڵاتەکانیان، ئایا تا چ ڕادەیەك بنیاتنانەوەی ژێرخان بۆ ئەم وڵاتانە گرنگە؟**

- ئەگەر وڵاتێکی دیاری کراو بەنموونە وەربگرین، ئەوا کێشەی دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخان لەوڵاتێکی وەك ئەفغانستاندا بریتیە لەپاراستنی ئەو ژێرخان و دامەزراوانەی بنیاتدەنرێنەوە، واتە پاراستن و ڕێگرتن لەدووبارە وێرانکردن و تێکدانیان، ئەمە خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی دیکەیە ڕووبەڕووی ئەو وڵاتە دەبێتەوە.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان شانازی بەوەوە دەکات کە هیچ زیندانیەکی سیاسی نییە لەهەرێمەکەدا، ئایا ئەمە چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت لەوڵاتێکی ڕۆژهەڵاتیدا؟**

- ئەمە ئاماژەیەکی ئومێدبەخشە، لەڕاستیدا یەکێك لەپێوەرەکانی حکومەتی دیموکراسی کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی و نەبوونی سەرکوتکردنی کەمینەکانە، واتە نەبوونی زیندانی سیاسییە، ئەمە ئاماژەیەکی ئومێدبەخشە.

*** واتە دەتوانین بەئایندەی دیموکراسی گەشبین بین لەم هەرێمەدا؟**

- من پێم باشترە موبالەغە نەکەین لەم ڕووەوە، لەبەرئەوەی زۆرجار تەنانەت لەوڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکاشدا دەوترێت کە هەندێ مومارەسە بەمومارەسەیەکی دیموکراتی دانانرێت، بەڵکو بەو شێوەیە لێکدەدرێتەوە کە نزیکە لەدیموکراسیەوە، بەو پێیە دیموکراسی پرۆسەیەکە بەردەوام لەگەشەکردندایە. من تەنها ئەوەندە دەڵێم نابێت بەدوای شتی کامڵدا بگەڕێین، یان بەدوای شتی بێ کەموکوڕیدا، ڕەنگە دیموکراسی کەلێن و کەموکوڕی هەبێت، بەڵام تائێستا لەبەدیلەکانی دیکە باشترە.

مایکل ڕۆسن بۆ گوڵان:

# ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات یەکێکە لەخەسڵەتەکانی دیموکراسی

پرۆفیسۆر مایکل ڕۆسن، ئوستادی حکومەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی هارڤارد و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر فەلسەفەی سیاسیەت لەئەوروپا، بۆ هەڵسەگاندنی ئاستی حکومڕانی و چۆنیەتی پیادەکردنی ئاڵوێری ئاشتیانەی دەسەڵات، پرۆفیسۆر ڕۆسن بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.



*** ئایا پیادەکردنی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا چ مانایەك دەگەیەنێت؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا دەربارەی ئەوەی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات یەکێکە لەخەسڵەتەکانی دیموکراسی، بەتایبەتی ئێمە ئەمە لەوڵاتە ئەوروپیەکاندا بەدیدەکەین کە خاوەنی دیموکراسییەکی دێرین و سەقامگیرن، بۆ نموونە زۆرێك لەکۆمارییەکانی ئەمەریکا نائاسودەبوون بەهەڵبژاردنی ئۆباما وەك سەرۆکی ئەو وڵاتە، بەڵام شەرعیەتی هەڵبژاردنەکە و دەرئەنجامەکەیان قەبووڵکرد.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك بوونی دیموکراسی و گەشەکردن ئاماژەن بۆ حکومڕانێتی باش؟ یاخود چۆن پێناسەی حکومڕانێتی باش دەکەن؟**

- ئێمە دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە زۆرجار سیستمە سیاسیەکە یان سیستمی حکومڕانیەکە دووچاری کێشە و فشارگەلێکی زۆر دەبێتەوە واتە دەبێت لەوە بکۆڵینەوە کە سیستمەکە ڕووبەڕووی چ ئەرك و کێشەیەك دەبێتەوە، بۆ نموونە ئێمە ئەم حاڵەتەمان لەوڵاتانی ئەوروپادا، بۆ نموونە لەفەرەنسا، بەدیکرد، بەتایبەتی لەکاتی هەڵوەشانەوەی کۆڵۆنیالیزمدا، کە بەدڵنیاییەوە لەم کاتانەدا هەندێ لەسیستمەکان باشتر حکومڕانێتی دەکەن بەبەراوردی لەگەڵ سیستمەکانی دیکە.

- من لێرەدا دەڵێم حکومڕانێتی باش تەنها لەزیادکردنی داهاتی هاوڵاتیان و دابینکردنی یەکسانیدا نییە، بەڵکو دەبێت سیستمی حکومڕانێتیەکە شەرعیەتی هەبێت لەتێڕوانینتی هاوڵاتیاندا. من دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە ئەو کاتە حکومەتێکی دیاریکراو خاوەنی شەرعیەت دەبێت و دەتوانێت سەقامگیری بپارێزێت کە لەئاستی ئومێد و چاوەڕوانی خەڵکدا بێت، بۆ نموونە ئەگەر وڵاتێکی بەدەست هەژارییەوە بناڵێنێت و سەرچاوەی پێویست لەوڵاتەکەدا هەبوو بۆ کەمکردنەوەی ئاستی هەژاری هاوڵاتیان و دەسەڵاتداران و کاربەدەستانیش نەیانتوانی لەئاستی ئومێد و پێشبینییەکانی خەڵکدا بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە، ئەوا بەدڵنیاییەوە شەرعیەت و سەقامگیری وڵاتەکە دووچاری دژواری دەبێتەوە. من هیچ هۆکارێك بەدی ناکەم کە ڕێگر بێت لەم ڕووەوە، واتە دەکرێت دیموکراسی بنیات بنرێت و شەرعیەتیشی هەبێت، بۆ نموونە ئەگەر لەوڵاتی هیندستان بڕوانین دەبینین سەرەڕای کەموکوڕی و کێشەکانی ئەو وڵاتە بەڵام توانراوە پەرە بەدیموکراسی بدرێت و کاریگەری ئیجابیشی هەبێت لەکۆمەڵگەدا، کە دەکرێت هەمان ئەزموون لەوڵاتانی دیکەش دووبارە بکرێتەوە.

*** تاچەند بوونی ئازادی ڕۆژنامەگەری دەبێتە سیسمایەکی دیموکراتی بۆ حکومەتێك؟**

- بوونی ڕاگەیاندنی چالاك و ئازاد لەکوردستاندا سەرچاوەی ئومێدی منە و من ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لەهەوڵەکانتاندا بۆبنیاتنانی دیموکراسی. من دەڵێم نابێت کار بۆ سنووردارکردنی ئازادی ڕادەبڕین بکرێت و بەپێچەوانەوە دەبێت کار بۆ بەهێزکردن و پاراستنی بکرێت، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی ڕۆژنامەنووسەکان دووچاری هەڕەشە و مەترسی و دادگاییکردن دەبنەوە، کە ئەمانەش زیانێکی گەورە بەگەشەکردنی کولتووری دیموکراسی دەگەیەنن.

حکومڕانێتی باش تەنها لەزیادکردنی داهاتی هاوڵاتیان و دابینکردنی یەکسانیدا نییە، بەڵکو دەبێت سیستمی حکومڕانێتیەکە شەرعیەتی هەبێت لەتێڕوانینتی هاوڵاتیاندا

سانفۆرد لیڤینسۆن بۆ گوڵان:

# خەڵکی کوردستان زیاتر متمانە بەحکومەتە هەرێمیەکەی خۆیان دەکەن لە حکومەتی بەغدا

**پرۆفیسۆر سانفۆرد لیڤینسۆن، ئوستادی حکومەتە لەزانکۆی تەکساس و زیاتر لە ٢٥٠ وتار و دیراسەتی لەسەر شێوازی حکومڕانی لەگۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەمریکا بڵاوکردۆتەوە و بەیەكێك لەپسپۆڕە دیارەکانی حکومەت لەسەر ئاستی حکومەت، بۆ قسەکردن لەسەر سیماکانی حکومڕانی دیموکراتی و هەوڵەکان بۆ پیادەکردنی حکومڕانی باش پرۆفیسۆر لیڤینسۆن بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

> ئێمەش بەشەڕێکی ناوخۆیی تا دوا ڕاددە خوێناویدا تێپەڕین لەسەدەی نۆزدەدا و نزیکەی ٢ی دانیشتوانی وڵاتەکە تێدابوونە قوربانی

*** زۆر لەبیرمەندان دەڵێن دیموکراتی واتە ئاڵوێرکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات نەك زۆرینەو کەمینەی سندوقی دەنگدان، تۆ دەربارەی ئەم مەسەلەیە چی دەڵێت؟**

- من باسی بارودۆخی وڵاتانی ڕۆژهەڵات ناکەم، لەمێژووی وڵاتەکەی خۆمەوە کە ئەمریکایە سەیری دەکەم، بۆیە پێموایە هەڵەیە ئەگەر تەنها تەرکیز لەسەر لایەنی ئاشتیانەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکەین لەوڵاتەکەی ئێمەدا، لەبەرئەوەی ئێمەش بەشەڕێکی ناوخۆیی تا دوا ڕاددە خوێناویدا تێپەڕین لەسەدەی نۆزدەدا و نزیکەی ٢ی دانیشتوانی وڵاتەکە تێدابوونە قوربانی، شەڕەکەش بەهۆی هەڵبژاردنی ئیبراهام لینکۆڵنەوە لەساڵی ١٨٦٠دا هەڵگیرسا. بەڵام بۆ ڕۆژهەڵات هەنگاوێکی گرنگە و نیشانەی دەسپێکی دیموکراتیە،بۆ نموونە وڵاتی هیندستان کە چەندین پارتی سیاسی لەو وڵاتەدا هەن و دەسەڵاتیش تێیدا ئاشتیانە ئاڵوگۆڕی دەکرێت، بەهەمانشێوە



لەئەندەنوسیادا سیستمی فرەحزبایەتی لەئارادایە و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتیش ڕوویداوە، بەهەمانشێوە لەتورکیادا هەمان حاڵەتە بەدیدەکەین.

*** ئایا بەڕای تۆ ئەمە تاچەند نیشانەی ئەوەیە هەوڵەکان بەرەو ئاراستەی پیادەکردنی حکومڕانی باش بوون؟**

- من پێموایە حکومڕانێتی باش لەبەشێکیدا بریتیە لەهێنانەدی عەدالەت، ئەمەش خۆی لەدابینکردن و پاراستنی مافەکانی هاوڵاتیاندا بەرجەستەدەکات، لەهەمانکاتدا دەبێ هاوڵاتیانیش متمانەیان بەدەسەڵات هەبێت، واتە باوەڕیان وابێت کە بەڕاستی حکومەت بایەخ بەپاراستن و پەرەپێدانی بەرژەوەندیەکانیان دەدات، بەپێچەوانەوە، بێ متمانەیی ئەگەری ئەوەی هەیە نائارامی لێبکەوێتەوە. ئەوەی پەیوەندی بەکوردستانەوە هەبێت ئەوا من پێم وایە خەڵکی کوردستان زیاتر متمانە بەحکومەتە مەحەلیەکەی خۆیان دەکەن پتر لەحکومەتی مەرکەزی و ڕەنگە ئەمەش ببێتە سەرچاوەی کێشە. لەڕاستیدا کێشەکە ئەوەیە



ئایا کوردستان وەك هەرێمێکی خاوەن ئۆتۆنۆمیەکی باڵا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، یاخود حکومەتی مەرکەزی هەوڵی سەپاندنی کۆنترۆڵی خۆی دەدات بەسەر هەرێمەکەدا، ئەمە سەرچاوەی گرژیەکە لەحکومەتە فیدراڵیەکاندا و هەر ئەمەش بووە هۆی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆی لە ئەمەریکا.

*** ئاستەنگی سەرەکی لەبەردەم وڵاتانی دوای شەڕدا، بریتییە لەدووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی وڵاتەکانیان، ئایا تا چ ڕاددەیەك بنیاتنانەوەی ژێرخان بۆ ئەم وڵاتانە گرنگە؟**

- گومان لەوەدانییە بنیاتنانەوەی ژێرخانی وڵاتەکە تا دوا ڕاددە گرنگە، بەڵام من پێموایە پرسیارەکە، یاخود ناکۆکیەکە لەسەر ئەوە دەبێت کێ کۆنترۆڵی بڕیارەکان دەکات، بۆ نمونە بڕیاردان لەسەر دروستکردنی ڕێگایەکی یان دروستکردنی قوتابخانە و زانکۆکان، دواتر ئایا کێ بڕیاری ئەوە دەدات چ مەنهەجێك لەو زانکۆیانەدا بخوێنرێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان یان حکومەتی مەرکەزی.

*** ئێمە دەزانین ڕاگەیاندنی ئازاد یەکێکی دیکەیە لە سیماکانی دیموکراسی، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا ئەگەر لایەنێك نەبێت چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی ڕاگەیاندنی ئازاد، ئایا خوێندنەوەت چی دەبێت بۆ ئەم بارودۆخە؟**

- هەر پرۆسەیەکی بەدیموکراتیکردن پێویستی بەگەشەپێدانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری ئازاد هەیە، واتە نابێت ڕۆژنامەنوسان و خەڵکیش بەشێوەیەکی گشتی ترس و نیگەرانیان هەبێت کە دووچاری مەترسی و هەڕەشە دەبنەوە لەلایەن حکومەت و دەسەڵاتەوە لەکاتی گوزارشتکردن لەبیروبۆچونە بەرهەڵستکاریەکان. بۆ نموونە لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا تا ڕاددەیەکی زۆر سنووردار کە نزیکە لەنەبوونەوە یاسای لەکەدارکردن هەیە بۆ پاراستنی بەرپرسە حکومیەکان، ڕەنگە لەوڵاتانی ئەوروپادا سنووردارکردنەکە زیاتر بێت، بەڵام لەئەمەریکادا واقیعەکە ئەوەیە کە ئازادیەکی ڕۆژنامەگەری بەربڵاو لەئارادایە بۆ قسەکردن و هێرشکردنە سەر بەرپرسەکان.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان شانازی بەوەوە دەکات کە هیچ زیندانیەکی سیاسی نییە لەهەرێمەکەدا، ئایا ئەمە چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟**

- من پێموایە ئەوە بەرەوپێشچونێکی گەورە و گەشەکردنێکی بەرچاوە لەو هەرێمەدا.

*** واتە دەتوانین بەئایندەی دیموکراسی گەشبین بین لەم هەرێمەدا؟**

- ئەوەی خوێندومەتەوە لەبارەی هەرێمی کوردستانەوە ئەوەیە هەلومەرجی ئەم هەرێمە باشترە بەبەراورد لەگەڵ تێکڕایی بەشەکانی دیکەی عێراق. هەرچەندە هێشتا کێشە و ناکۆکی هەیە لەنێوان کوردستان و حکومەتی مەرکەزیدا لەسەر داهاتی نەوت و کۆنترۆڵکردنی کەرکوك و...هتد.

**حکومڕانێتی باش لەبەشێکیدا بریتیە لەهێنانەدی عەدالەت، ئەمەش خۆی لەدابینکردن و پاراستنی مافەکانی هاوڵاتیاندا بەرجەستەدەکات، لەهەمانکاتدا دەبێ هاوڵاتیانیش متمانەیان بەدەسەڵات هەبێت**

# خەونی حوشتر!!



**سامی شۆرش**
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

پـێ دەچێـت، ناحەزانـی کوردو عێراقی تازەو دیموکراسـی و دەستوور، بەخەیاڵی ئـەوەی گوایە درز کەوتۆتە ریـزە ناوخۆییەکانی کـورد، ئیتر لە بـواری فایلـی کەرکـوك دا، کە بۆ کـورد گرنگترین فایلـی نەتەوەییە، دەسـتیان داوەتە گەمەیەکی تازەی پڕ بەدعەمەلی، کە مەبەستە سەرەکیەکەی دابڕاندنی یەکجارەکیی کەرکووکی ئازیزە لە باوەشی نیشتمانی دایك: کوردستان. راسـتە، وردەکارییەکانـی گەمەکـە دیارو ئاشکرایە. بەلام، کاتێك بەوردی لەمەبەسـتە گلاوو ناوقیعبینیەکانی دەڕوانین، بەئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە لەخەونی حوشترێکی نەخۆش و لەڕ بەولاتر هیچی دیکە نیە.

ئـەو ناحەزانەی کە تـا بینە قاقا دەسـتیان بە خوێنی یەکتری و خوێنی میللەتەکەیـان سـوورە، چاویان پڕی دووکەلـی کاولـکاری و تەقدانـەوەو کوشتنی بە کۆمەڵی خەڵکی خۆیانە، ئێسـتا کەوتوونەتە خەیاڵی ئەوەی کە گوایە لە قۆناغی پـاش هەڵبژاردنی ٢٥ ی ٧ وە، ئیتر کـورد کەوتۆتەوە سەر سـەرە ڕێگەی لە یەکتر دابڕان و پەرتەوازەیـی و دوژمنایەتـی کردنی یەکتری و ناکۆکی ناوەخۆ.

بۆیە، هەر زوو، دوای هەڵبژاردن، ئەم ناحەزانە کەوتونەتە هەوڵی ئەوەی زەبرە ژەهراویەکەی خۆیان لە کورد بوەشـێنن ئەویش لە ڕێی زەبر وەشاندن لە فایلی کەرکوك. مەعلوومە، ئەم ناحەزانە، کە دەکرێت سـیفەتی دوژمن و تیرۆریست و شۆڤێنیسـت بدرێتە پاڵ هەندێکیان، دەیاەوێـت زەبر لە مـاددەی ١٤٠ ی دەستووری هەمیشـەیی عێراق بدەن و وای پیشان بدەن گوایە کێشەی کەرکوك کێشەیەکی کۆنینە نیە و پەیوەندیی بە دەرکردن و ئاوارە کردنی هەزاران هەزار خێزانی کوردی ئەو شـارەو گۆڕینی سیما دیموگرافیەکانیەوە نیە. هەروەها کێشـەکە نە کێشـەی تەعریب کردن و سـڕینەوەی پێناسـە نەتەوەییەکەی ئەو شـارەیەو نە هیچ پەیوەندیەکیشی بەو سیاسـەتە چەپەڵانـەوە هەیە کە رژێمی رەگەزپەرسـتی پێشوو دەرهەق بە کەرکوك و خەلکـە قارەمانەکەی و تـەواوی ناوچـە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان پەیڕەوی کردوە. بە بۆچوونی ئەو شۆڤێنیستانە، کێشەی کەرکوك لە کێشـەیەکی تەکنیکی هەڵبژاردن زیاتر هیچـی دیکە نیوە بـە دابەش کردنی شـارەکە، یان بەشـداری پێ نەکردنی خەلکەکەی لە هەڵبـژاردن، یان دابین کردنی وەزعێکی تایبەتی بۆ شـارەکە، ئیتر کێشەی کەرکوك چارەسەر دەکرێت و پێویست بە جێ بە جێ کردنی مادەی ١٤٠ ی دەستووریش نابێت.

ئـەو ناحەزو دوژمنانـە، دەیانەوێت بلێـن بارودۆخـی کەرکـوك زادەی گێروگرفتێکی نەتەوەیی نەبووە کە لە سەردەمی بەعسدا بۆی دروست کراوە، بەڵکو ئەو بارودۆخە لە سـەر دەستی کوردو لە سـەردەمی ئێستـادا بۆ ئەو شارە دروسـت کراوە. خەونی حوشتری ئـەو حزب و لایەنە سیاسـیە ناحەزانە لەوەدایـە کـە وا دەزانن ئـەم گەمە چەپەڵەیان بۆ دەچێتە سـەر. بە هۆی بیرە نەخۆشەکەیانەوە، وای لێك دەدەنەوە گوایە کـورد لـە دوای هەڵبژاردنی رۆژی ٢٥ ی ٧ وە ئیتـر یەك دەنگ و یەك هەڵوێست و یەك خواست نەماوەو ئیتر قیڵ و فڕ کردن لەو میللەتەو لێ سـەندنەوەی ئەو مافانەی لە دەستوور بۆی دابیـن کراوە، ئێسـتا، کارێکی ئاسان و مەیسەرە.

بێگومان، یەك لە هەولە گرنگەکانی کـورد لەو ماوەیەدا ئـەوە بووە کە بەو لایەنە بلێت: واز لەو خەونی حوشـترە بهێنن. کورد ئێسـتا لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر یەك دەنگە و یەك هەڵوێستە.

دوا کۆبونەوەی جەنابی سەرۆك بارزانی رۆژی پێنج شەممەی رابردوو، لەگەڵ سـەرۆك حزب و سـکرتێرو بەرپرسی حزبەکانـی کوردسـتان بەڵگەیەکـی حاشاهەڵنەگری ئەو راستیەی یەکێتیی هەڵوێستی کورد بوو لە بەرامبەر پرسە نەتەوەییە ستراتیژیەکاندا.

ئـەم کۆبوونەوەیە، لە ئـان و کاتی قۆناغی ئەمـڕۆدا، هەنگاوێکی زۆر گرنگ و گەورەو پێویست و ژیرانە بوو. بگرە ئیشارەتێکی روون و ئاشکراش بوو بۆ دیققەتی جەنابی سەرۆك لە بواری کۆکردنـەوەی توانای هەموو کورد، بە هەموو حزب و هێزە سیاسـیەکانیەوە، بۆ روو بە روو بوونەوەی تەحدا سـەخت

و چارەنووسسازەکان. بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی تۆکمەو هەمە لایەنەی ستراتیژی بۆ رەفتار کردن بەرامبەر بە رووداوەکانی ئەمڕۆی عێراق و کەرکوک. لە هەمان کاتدا، بایەخی کۆبونەوەکە لەوەش بوو کە بە ناحەزان و دوژمنان بگوترێت: واز لە خەونی حوشتر بهێنن و لەوە زیاتر خۆتان ئەزیەت مەدەن، کورد چەند پارچەو چەند خواست و چەند هەڵوێست نیە وەك بە هەڵە، لێکی دەدەنەوە، بەڵکو یەك پارچە و یەك هەڵوێست و یەك خواستە لە ئاست مافەکانی و لە ئاست پرسە نەتەوەییەکانی.

ئەوەی راستی بێت، کورد لە مەیدانی ململانێی سیاسی و یاسایی لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی عێراق چەندین خاڵی بەهێزی لە دەستە: یەکەم، دەستووری هەمیشەیی پشتگرو هێزێکی گەورەیە. دووەم، رێچکەی تەوافەق و گونجاندنی لەگەڵ دەستوور خاڵێکی دیکەی هێزە بۆ کورد. سێیەم و لە هەموو ئەوانەی پێشوو گرنگتر، مەوجودیەت و پێگەو مەرجەعیەتی جەنابی سەرۆك بارزانیە بۆ کورد. بێگومان، لە ژیانی میللەتاندا هەبوونی مەرجەعی سیاسی مەرجێکی کاریگەری بەردەومی و بەرەو پێشەوە چوونی ئەو میللەتانەیە. یەك لە رەگەزە گرنگەکانی هێزی کورد لە ناو عێراقدا، لەوەدایە کە مەرجەعێکی یەکگرتووی وەك جەنابی سەرۆك بارزانی هەیە کە لە قۆناغە سەختەکاندا ریزەکانی میللەت یەك دەخات و شوورەیەکی پۆلایین بۆ پاراستنی دادەرێژێت و دەمارێکی بەهێزی یەکگرتوویی دەخاتە بەر.

سەرۆك بارزانی هەر تەنیا سەرۆکی حزبێکی دیاری کراو، یان رێبازێکی سیاسی دیاریکراو نییە. بەڵکو، وەك چۆن لە پەیامی دوای کۆبونەوەکە دەرکەوت، سەرۆکی هەموو کوردو شوورەی پاراستنی بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی تەواوی کوردستانە بە کەرکووك و هەموو ناوچە دابڕاوەکانی دیکەیەوە. لە راستیدا، گەورەترین نەهامەتی بۆ ناحەزان و دوژمنان ئەوە بوو کە بینیان سەرۆك بارزانی نە تەنیا تەعبیر لە خواستی لە سەدا حەفتای میللەتی کورد دەکات وەك چۆن ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پێشوو نیشانی دابوو، بەڵکو لە راستی دا و لە سەردەمە زەحمەتەکان و پرسە ستراتیییەکان دا، تەعبیر لە خواستی لە سەدا سەدی ئەو میللەتە دەکات. هەڵوێستی پتەو و دووربینی جەنابی سەرۆك بارزانی چ پێش کۆبوونەوەی ئەم دواییەو چ لەو کۆبونەوەیەو چ دواتریش، لە بەرانبەر مەسەلەی کەرکوك و یەکڕیزیی میللەت و لە دەرەوەی هەموو پێوانە حزبی و سیاسیەکان، میدالیای شانازیەکی ئێجگار گەورەیە بە سەر سنگی تەواوی میللەتی کوردستانەوە جا لە هەر حزبێك و سەر بە هەر لایەنێك بن.

ئەوەی راستی بێت، هەمیشە ناحەزان و دوژمنانی کورد، چ لە بەغداو چ لە شوێنەکانی دیکەی ناوچەکە، هەمیشە هەوڵیان داوە بە چەندین شێوازی جیاواز روو بە رووی کورد ببنەوە: لە لایەك، روویان کردۆتە سوپاو تانك و فرۆکەو غازی کیمیاوی، لە لایەکی دیکە، روویان کردۆتە شێواندنی ئابووریی کوردستان و تێکدانی گوندو لە بار یەك بردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردەواری. ئینجا لەوانەش گرنگتر، روویان کردۆتە دۆژمنایەتی سیاسی و نەفسی و هەوڵیان داوە متمانەو باوەڕی کورد بە خۆی و بە سەرۆکایەتیە مێژووییەکەی بارزانی لەق بکەن.

دوای رووخانی رژێمی پێشوو، ئیتر ئەو ناحەزو دوژمنانە، بواری ئەوەیان لێ بڕا بە چەك و سوپاو شەڕ، هێرشەکانیان بۆ سەر کورد ئەنجام بدەن. بۆیە، روویان کردە دوژمنایەتی سیاسی و نەفسی. هیوایان بەوە پەیدا کرد کە کورد حازر بە دەستە بۆ لە یەك دابڕان و شەڕو ناکۆکی. ئێستا لە قۆناغی ئەمڕۆدا، پێیان وایە، ئەگەر لەم بوارەدا بتوانن کورد تووشی حاڵەتی پەرتەوازەیی و چەند هەڵوێستی بکەن، ئیتر ئەوا نەك هەر مافە دەستووریەکانی لێ دەسننەوە، بگرە ئامادەشی دەکەن کە وردە وردە، وەك میللەتێکی خاوەن کەسایەتیی تایبەتمەند، بەرەو پەرتەوازەیی و هەڵوەشانەوەو تەفروتونا بوون بڕوات.

بەڵام، دیارە هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەستیان بەوە کردوە کە دەبێت یەکێتی ریزەکانی میللەت لە بەرامبەر ئەو دوژمن و ناحەزانە بپارێزرێت. تاکە مەرجی پاراستنی ئەو رێزەش، لە سەرەمی جەنجاڵی ئەمڕۆدا تەنیا دەورە دانی مەرجەعیەتی جەنابی سەرۆکە.

ئەمڕۆ لە ئاست مەسەلەی کەرکوك، دوژمنانی کوردستان بە هەموو رەنگ و تایفەو حزب و توانست و جیاوازیەکانیانەوە یەك دەست و یەك ریز وەستاون. ئەوانەی بە لایەنی چاك لە قەڵەم دەدرێن، لە ئەوپەڕی بێ دەنگی دان و چاوەڕێی ئەنجامەکانن. بۆیە، پێویستە کوردستایش یەکگرتووانە بەرەو روویان بڕوت. پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە کەرکوك لەبەرامبەر مەترسیەکی گەلێك گەورەدایە. پێویستە ئەو خەونەی (صدام — انی ئەمڕۆ) دەیبینن لە بواری کەرکوکدا، بەوردی و دیققەت و یەکهەڵوێستی، بکەین بەخەونی حوشتر.

بەهەرحاڵ، ئەوەی شۆڤێنیستان دەرهەق بە کوردو کوردستان و پارچە هەمیشە دانەبڕاوەکەی دەیکەن، لەسەردانە بەردێکی رەقەن، لەتەمبوور لێدانێکی ناساز، لە خەونی حوشترێکی نەخۆش زیاتر هیچی دیکە نیە. کوردستان لەرۆژگاری ئەمڕۆدا، لەبەرامبەر پرسە نەتەوەییەکان و پرسە سیاسیەکاندا، لەژێر ئاڵای جەنابی سەرۆك بارزانی، یەکدەنگ و یەك خواست و یەك هەڵوێستە. بۆیە، کەرکوك، یان وەك شارەکانی دیکە بەشداری هەڵبژاردن دەبێت، یانیش کورد بە یەکدەنگ بەشداری لەو هەڵبژاردنەی عێراق ناکات و ئەوساش نابێت کەس، بەئەمریکیەکانەوە، گلەیی لەکاڵ بوونەوەی عێراقیەتی کورد بکات.

**پێویستە ئەو خەونەی (صدام–انی ئەمڕۆ) دەیبینن لە بواری کەرکوکدا، بەوردی و دیققەت و یەکهەڵوێستی، بکەین بەخەونی حوشتر**



دەبێت ڕۆشنبیران ئاڵا هەڵگری بونیادی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسیی بن

# بۆچی ڕۆشنبیران و پارتە سیاسیەکان



# له بازنەیەكی هاوبەشدا یەكناگرنەوە؟

**((له كۆمەڵگه هەژار و تازه پێگەیشتووەكاندا رۆشنبیریی و رۆشنبیران پێگەیەكی تایبەتیان هەیە، ئەمەش بۆته هۆكاری ئەوەی كه رۆشنبیران له پێگەیەكدا سەیر بكرێت، كه چاوەڕێی مەحاڵیان لێ بكرێت))**

**هیشام شەڕابی**

* * *

هەڵبژاردنی ئەو چەند وشەیەی هیشام شەرابی بۆ دەستپێكی ئەم بابەته له پێناوی ئەوەدایه كه خوێنەرانی ئەم راپۆرته لەسەرەتاوه دوو خاڵی گرنگیان لا ئاشكرا بێت:

١- ئەم راپۆرته باسی واقیعی ئێستای كوردستان دەكات و كۆمەڵگەی ئێستای كوردستانیش هەژار و تازه پێگەیشتووە، بۆیه ئێمه باسی رۆڵی رۆشنبیر لەم كۆمەڵگه دواكەتووەی خۆماندا دەكەین و بازنەی باسەكەمان كۆمەڵگەی خۆمانه.

٢- بۆ ئەوەی رۆشنبیر بزانێت خەڵك به چ هیواو ئومێدیكەوه سەیری دەكات و چ پێگەیەكی لای جەماوەر هەیه، بۆیه كاتێك چاوەڕێی ئەوه له رۆشنبیر دەكرێت مەحاڵ بكاته واقیع،ئەمه هەستێكی پاكی خەڵكه بەرامبەر به رۆشنبیر.

بەڵام پرسیاری سەرەكی لێرەدا دەوروژێت، ئایا رۆشنبیر كێ یە؟ ئایا دەكرێت ئێمەش وەك گرامشی به رۆشنبیری ئۆرگانی و رۆشنبیری تەقلیدی پێناسەی بكەین، ئەم راپۆرته راشكاوانه دەڵێت، ئێمه خۆمان ناخەینه بازنەی گرامشییەوه چونكه پێمانوایه پەڕاوەكانی بەندیخانەی گرامشی بۆ نوێكردنەوەی پارته كۆمونیستەكان و پارتی كۆمونیستی ئیتالی بووە، هەنگاوی گرنگ لەو پێناسەی گرامشی كه داوا دەكات هەموو كەس دەتوانێت رۆڵی رۆشنبیر بگێڕێت و خۆی له چوارچێوەی حزبی پێشڕەوی كۆمۆنیستدا بدۆزێتەوه و رۆشنبیری له چینی بۆرژوازی ناو حزبه كۆمونیستەكان وەربگرێتەوە، بدرێتەوه به چینی پرۆلیتاریا، یان چینی پرۆلیتاریاش دەتوانێت وەك چینی بۆرژوازی رۆشنبیر بێت، ئەمەشیان كاری ئەم راپۆرته نیه، لەبەر ئەوەی ئەم راپۆرته له بنەرەتدا فەلسەفەی هەموو حزبێكی پێشرەوی گشتگیری داخراو رەتدەكاتەوه و هەروەها ناشیەوێت ناسنامەی رۆشنبیری بەسەر ئەندامانی حزبه سیاسیەكاندا ببەشێتەوە، كەواته ئێمه نامانەوێت خوێنەرانی ئەم راپۆرته وا تێبگەن، مەبەستمان لەو راپۆرته ئەوەبێت له

نرخی پەڕاوەکانی بەندیخانەی ئەنتۆنیۆ گرامشی کەمبکەینەوە، بەڵکو دەمانەوێت ئـەوە بڵێین پەڕاوەکانی بەندیخانەی گرامشـی بیرکردنەوەن بۆ سـەرلەنوێ رێکخستنەوەی پارتە کۆمونیسـتەکان و بەجەماوەریکردنی پارتە کۆمونیسـتەکان، ئەمەش واتـە مادام ئەو بـوارە هەیە هەموو کەس رۆشـنبیر بێت و ببێتە رۆشـنبیرێکی ئۆرگانی و لەناو کۆمەڵدا دەتوانێت رۆڵی خۆی بگێڕێـت، کەواتە دەبێـت ئەندامانی حزبە کۆمونیستیەکان رۆشنبیری ئۆرگانی بن، بەرهەمی بیرکردنەوەکانیان بۆ ئەوە بێت خەڵك وەك حزبە کۆمونیستەکان بیر بکاتەوە، نەك حزبە کۆمونیستەکان وەك خەڵـك بیربکەنەوە،ئـەم بیرکردنـەوەی گرامشـی وەك بیرکردنـەوەی ریفۆرمکردنـی حزبـە کۆمونیسـتەکان و هەوڵدان بـۆ کرانەوەی زیاتری ئەو پارتانـە، بۆ کۆمەڵگەیەك باشە کە حزبێکی کۆمونیستی باڵادەسـت بێت و بواری دیکە نەبێت، هەروەها دەبێت بەرێزیشەوە سەیری ئەنتۆنیۆ گرامشی بکرێت کەلانی کەم بەندیخانە فێری ئەوەی کرد، چیدیکە حزبە کۆمونیسـتەکان بـە شـێوازە تەقلیدیەکەی پێشـوویان سـەرکەتوو نابن، ئەم حاڵەتی گرامشی و بە جۆرێکی دیکە لەلایـەن تەیاری ئیخوان موسلمینەکانیشەوە هەوڵی بۆ دراوە و تاراددەیەك رێچکەیەکی میانڕۆیان بۆ خۆیان دۆزیوەتەوە، بەڵام گرتنی ئەم رێچکـە میانڕۆیە بەداخەوە بۆ خزمەتی کۆمەڵگە نیە بەڵکو بـۆ هەڵخەڵەتاندنی کۆمەڵگەیە، ئەمـە وەك رێکلامکردنێکی سیاسـیی وایە بۆ ئەوەی زەمینەی ئەوە خۆش بکات کە کۆنترۆڵی هەموو کۆمەڵگە بکات، هەروەك چۆن پێش هەڵبژاردنەکانی تەموزی ئەمساڵ هەندێك تەربوش بەسەری کورد زمان بە خەڵکی بەسەزمانی کوردسـتانیان گوتبوو، ئەگەر بێجگە لە دەنگدانتان بۆ حزبە ئیسـلامیەکان دەنگ بە هەر لایەنێکی سیاسـیی دیکە بدەن گوناهبار دەبن، بۆیە ئێمە دەمانەوێت ئەو دەمامکە لە رووی ئەو خەڵکانە هەڵماڵین کە بەناوی ئەوەی کتێبیان زۆر خوێندۆتەوە یان شتی زۆر دەزانن ناسنامەی رۆشنبیریان پێبدرێت، ئەم راپۆرتە ئەو خەڵکانەی لە ژێر ماسکی قسەی زل دەیانەوێت پێناسەی رۆشنبیر وەربگرن، ناوی شایستەی خۆیان پێداتەوە و راشکاوانە دەڵێین ئەوانە ((زۆر زان و فیڵبازن نەك رۆشنبیر)) . لێرەوە دەروازەی باسەکەمان زیاتر فراوان دەکەین و راشکاوانەتر لە چەمکی رۆشنبیر و گرنگی بۆ کۆمەڵگەی خۆمان نزیکدەبینەوە هەر بۆنموونە:



سیاسی
گوڵان
ژمارە (٧٥٤)
٢٠٠٩/١٠/٢٦
٢٢

١- ئـــەو كەســـانە نابنە رۆشـــنبير كە خاوەنی بڕوانامەن یان لە زانكۆكان وانە دەڵێنـــەوە، ئەمە مانای ئەوە نیە ئەوەی بڕوانامـــەی هەبوو یان لە زانكۆ وانەی گووتەوە رۆشـــنبیر نیـــە، نەخێر ئێمە دەڵێین مەرج نیە هەموو ئەو كەســـانەی لە زانكۆكان بڕوانامەیان وەرگرتووە یان ئێســـتا لە زانكۆكانی كوردســـتان وانە دەڵێنەوە رۆشنبر بن، هۆكاری ئەوەشی كە بۆچی ناتوانیـــن بە هەموویان بڵێین رۆشنبیر ئەوەیە، بۆ نموونە زۆر مامۆستا ئێســـتا لە زانكۆكانی كوردســـتان هەن پشـــتگیری لەوە دەكەن، ژن پاسپۆرتی پێنەدرێـــت و ژن بۆی نەبێـــت بەتەنها سەفەر بكات، ئەمەش لە روانگەی ئەو مامۆستا بەرێزە ئەوەیە هەموو سەفەرێك لەسەفەری حەجەوە ســـەیر دەكات، لە كاتێكدا ســـەفەری حەج جێبەجێكردنی فەرزێكە و ســـەفەری ئاسایی لەوانەیە بۆ خوێنـــدن یان وەرگرتنی بڕوانامەیەك بێت.

٢- ماوەیەك كادرانی حزبە سیاسیەكانی كوردستان، دروســـتكردنی كتێبخانەیان كردبـــووە یەكێك لە پیداویســـتیەكانی ماڵ((كتێبخانە نـــەك كتێب))، بۆ یە كە خانـــووی تازەیان دەكـــرد، لەگەڵ دروســـتكردنی مێز و قەنەفە، كابرای دارتاشـــیان رادەســـپارد كتێبخانەیەكی زۆر باشـــیان بۆ دروســـت بكەن، دوای تەواو بوونی كتێبخانەكەشـــیان، ئینجا كتێبخانەكانی دەوری قەڵایان رادەسپارد كتێبی تەجلیـــد كـــراوی جوان((نەك ناوەرۆك جوان))یان بـــۆ پەیدا بكەن و لە كتێبخانەكەدا ریزیان بكەن،ئەمەش بۆ ئەوەی لە كاتی دیمانەی رۆژنامەوانیدا لە پشـــتیانەوە دەربچێت و خەڵك پێیان بڵێت ماشەڵا چەند رۆشنبیرن و یەكێك لەو پرسانەی زۆر شانازی بە تەزبیح و كتێبخانەكەیـــەوە دەكات لە دیمانەیەكی تەلەفزیۆنیداو لە نـــاو كتێبخانەكەیدا، باسی لەوەكرد جوانترین و خۆشەویسترین كتێب لای ئـــەو كتێبەكـــەی ماندیلا بەناوی((گەشـــتەكەم لـــە پینـــاوی ئازادیدا))بەڵام راشـــكاوانە گووتی من نازانم ماندیلا ســـەر بـــەچ لایەنێكی سیاسیی بووە لە باشووری ئەفریقیا!!!!.

ئینجا لێرەدا رەخنەی ئێمە لەسەر ئەوەنیە كە ئەو بەرێزانە كتێبخانە بۆ چاوبەستی دروستدەكەن و ناخوێننەوە، نەخێر هەموو كتێبەكانیش بخوێنەوە بە رۆشنبیر حساب ناكرێـــن، بەڵكو بـــە (زۆرزان)لەقەڵەم دەدرێن و دەیانەوێت مەعریفەی ناو ئەو كتێبانە بكەن بەبەشێك لەو رەفتارانەی كە رۆژانە بۆ خۆدوورخستنەوە لە خەڵك بەكاریدەهێنن. ئـــەم چەند دێرە لەگەڵ ئـــەوەش هەندێـــك درێژبـــوو، بەڵام بۆ بەرچـــاو روونی خوێنەرانی ئەم راپۆرتە پێویست بوو، بۆئەوەی ئەم راپۆرتە بەو چاوە نەخوێننەوە كە ئێمەش مەبەستمانە ئەركی رۆشـــنبیران تێكەڵبكەین. بەڵكو ئەركی رۆشنبیر لە كۆمەڵگەی خۆمان بە دووخاڵ دەستنیشان دەكەین:

١- دەبێت رۆشنبیران ببنە سەرچاوەی ئەو هۆشیاریە سیاسی و كۆمەڵایەتیەی كە تاك بتوانێت لە سۆنگەی ئەو هۆشیاریەوە بە شێوەیەكی گشـــتگیر سەیری كێشە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانی كوردستان بكات.

٢- ئەركی رۆشـــنبیرە بە شـــێوەیەكی تیۆری و راســـتگۆیانە شـــرۆڤەی ئەو كێشـــە سیاســـیی و كۆمەڵایەتیانـــە بكات كە لەناو كۆمەڵگەی كوردســـتان بونیان هەیە و دەبێت چارەســـەر بكرێت، دیاریكردنی كێشەكان و خۆماندووكردنی رۆشنبیر بۆ دۆزینەوەی چارەسەر دەبێتە كلیلی بەردەستی هاوڵاتیان.

**كۆبونەوەی رۆشنبیر و حزبە سیاسیەكان لە بازنەیەكدا داواكردنی ئەوە نیە رۆشنبیران ببنە كادری حزب**

سیاســـەت لـــە وڵاتی ئێمـــە بەداخەوە تائێســـتا نەگەیشـــتۆتە ئەو ئاستەی پێناســـەی ئەرستۆتاڵیسی بۆ بەكاربێت و پێـــی بڵێیـــن خێـــری گشـــتی یان بەرژەوەندی گشـــتی، بۆیە سیاســـەت بۆ ئەوەكـــراوە بەرژەوەندی ئەو كۆمەڵە كەسەی كۆبوونەتەوە و ناویان لە خۆیان ناوە حزب بیپارێزێت، ئەم هەڵگێڕانەوەیە كە لە مانای راستەقینەكەی سیاسەت دەكرێت، پێناســـەی سیاسەت لە خێری گشـــتیەوە دەكاتە سیاسەت لە پێناوی پاراســـتنی چەند كەسێك، جائەم گروپە زۆر بن یان كەم بەردەوام بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن میكانیزم و ئالەتی پێویســـت بۆ پاراســـتنی بەرژەوەندیەكانیان پەیدا بكەن و، لەم روانگەیەشەوە رۆشنبیر وەك ئالەتێك بۆ پاراســـتنی بەرژەوەندیكانی خۆیان سەیر دەكەن،بۆیە دەكەونە گەران بەدوای رۆشـــنبیران بۆ ئـــەوەی ئەركە راســـتەقینەكەی لە ئەركی رۆشنبیرەوە بگـــۆڕن بۆ ئەركی كادرێكی حزبی یان بیخەنە خزمەتی بەرژەوەندیە حزبیەكانی خۆیانەوە.ئەم حاڵەتە لەوانەیە خوێنەر پێی سەیر بێت گوڵان خۆی بڵاوكراوەیەكی حزبیـــە و بەمشـــێوەیەش رای خـــۆی دەردەبڕێت،لەوەڵامـــی ئەو خوێنەرانەش دەڵێیـــن، گـــوڵان بوونی رۆشـــنبیر و كادرانی حزب هەردوكیان بە پێویســـت دەزانێت،بۆیـــە پێی بـــاش نیە ئەو دوو پێویستیە لە یەكتریدا بتوێنرێنەوە، واتە نە ئێمە لەوە ســـوودمەند دەبین كادری حزبەكان بە رۆشنبیر پێناسە بكەین، نە لەوەش ســـوود مەند دەبین رۆشنبیرەكان بكەینە كادری حزب، ئەمەش واتە:

١- كۆمەڵگەی بێ رۆشنبیر وەك بوونی دەوڵەتێكی بێ سەروەری یاسایە،ئەمەش واتە وەك لە تایبەتمەندییەكانی رۆشنبیر لە كۆمەڵگەی كوردســـتان ئاماژەمان پێكرد،رۆشـــنبیر وا دەكات دیـــدی هاوڵاتیان بۆ ســـەیركردنی كێشەكانی كۆمەڵگە دیدێكی گشتگیر بێت و لەبەر ژەوەندی گشتیەوە بگەڕێت چارەسەر بۆ كێشەكان بدۆزێتەوە.

٢- كادری حزبەكانیشـــمان پێویستە بۆ ئەوەی ئەم گلەیی و گازندانەی خەڵك بەراستگۆیی بگوازنەوە بۆ ناو حزبەكانیان و لەنـــاو حزبەكانەوە بكرێتـــە بریار بۆ ئـــەوەی پەرلەمانتارانـــی حزبی نابراو لەپەرلەمان موناقەشە بكرێت وحكومەت ناچـــار بكرێت بەدەنـــگ گازندەكانی خەڵكەوە بچێت. بۆیـــە ئەم راپۆرتە بۆ تێگەیشتنە لە رۆڵی رۆشنبیر و كادری حزب،بەزاندنی ئەو بـــۆ چوونانەیە كە هەندێكیـــان بوونـــی حزبی سیاســـیی رەتدەكەنەوە و هەندێكی دیكەیان رۆڵی رۆشـــنبیر، بۆیە ئەم راپۆرتە هەوڵێكە

ئەم راپۆرتە لە بنەرەتدا فەلسەفەی هەموو حزبێكی پێشرەوی گشتگیری داخراو رەتدەكاتەوە و هەروەها ناشیەوێت ناسنامەی رۆشنبیری بەسەر ئەندامانی حزبە سیاسیەكاندا ببەشێتەوە

پەراوەكانی بەندیخانەی گرامشی بیركردنەوەن بۆ سەرلەنوێ رێكخستنەوەی پارتە كۆمونیستەكان و بەجەماوەریكردنی پارتە كۆمونیستەكان

بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی نێوان حزب و ڕۆشنبیران، ئەمەش بەو مانایە پێویستە دەرگایەکی کراوەی دیالۆگی هەمیشەیی لەنێوان حزبە سیاسیەکان و ڕۆشنبیراندا بمێنێتەوە، نەك ڕۆشنبیران موڵکایەتی فیکری خۆیان لە بازاری ئایدۆلۆژیەتی حزب یان قەوارەیەکی سیاسیدا هەراج بکەن.

کەواتە ڕۆشنبیر دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ نەك لەگەڵ خەڵك بەڵکو لەگەڵ دەسەڵات و حزبە سیاسیەکانیش بەپێی گرێبەستێك پێشنیاری پێویست بۆ دەسەڵات یان بۆ حزبە سیاسیەکە ئامادەدەکات، بەڵام ئامادەکردنی ئەم پێشنیارانە ئەوجا چ بۆ حزبێکی سیاسیی بێت یادامەزراوەیەکی دەوڵەتی تەنانەت ئاژانسەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانیش،لە دیدی ڕۆشنبیرەوە کارکردن دەبێت بۆ خێر و بەرژەوەندی گشتی، هەر بۆ نموونە ڕۆشنبیرێك هاوکاری یەکێك لە دامەزراوەکانی حکومەتی خۆی دەکات و لە چارەسەرکردنی کێشەکەیدا خۆی ماندوو دەکات، یان حزبێکی سیاسی پێویستی بەوەیە سوود لە فیکری ڕۆشنبیرێك وەربگرێت، ئەمە کارێکی زۆر ئاساییە، بەمەرجێ گرێبەستی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات، یان ڕۆشنبیر و حزبە سیاسیەکە،یان ڕۆشنبیر و یەکێك لە ئاژانسە نێودەوڵەتیەکان ئاشکرا بێت، ئەمە لە پێناوی ئەوەیە بۆ ئەوەی دەسەڵات یان حزبە سیاسیەکە بەو ئاستە خۆی پیرۆز نەکات و وای پیشاننەدات، ئەو ڕۆشنبیرە بۆیە لەناو ئەو حزبە یان ئەو قەوارە سیاسیە کاردەکات، لەبەر ئەوەیە ئایدۆلۆژیەتی ئەو حزبە یان ئەو قەوارە سیاسیە پیرۆزە، نەخێر ئەمە تەواو پێچەوانەیە و ڕۆشنبیر نابێت ئەوە قبوڵ بکات، حزب یان قەوارەیەکی سیاسیی کەسایەتی ڕۆشنبیر بکات بەبەشێك لە ئایدۆلۆژیەتی سیاسیی خۆی و خەڵکی پێ چەواشە بکات، لێرەدا پێویستە هاوکاری ڕۆشنبیر هاوکێشەیەکی دیکە دروست بکات و ئەوە پیشانی جەماوەر بدات، ئەم حزبە یان قەوارە سیاسیە پێویستی بە ڕۆشنبیرە بۆ ئەوەی هەڵەکانی خۆی ببینێت و ڕاستیان بکاتەوە، ڕۆشنبیریش لەبەر ئەوەی بوونی حزبی مۆدێرن و سیستەمی حزبایەتی هاوچەرخ بەئەرکی خۆی دەزانێت بۆیە هەوڵدانی بۆ هێنانەکایەی ئەو بارودۆخە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت، هەرگیزیش لەو ماوەیەی کار لەگەڵ دەسەڵات یان حزبە سیاسیەکە دەکات ڕای خۆی بەرامبەر ئەو حزبە یان ئەو دەسەڵاتە دەرنابڕێت، ئەم شێوازە کە زۆربەی ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوا پێڕەوی دەکەن، تارادەیەك جۆرێکە لە ئێتکی ڕۆشنبیر لە کاتی ئیشکردنیدا، هەربۆیە تا لەو پۆستەی دەبێت لەو حزبە یان لە حکومەت لێدوان بەناوی حکومەت یان حزبەکەوە نادەن، لەبەر ئەوەش ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان چەند ساڵێکە ئەو تێکەڵاویەمان لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوا بۆ دروست بووە، زۆربەیان کە دەچنە پۆستە ڕەسمیەکان یان کار بۆ بەرژەوەندی حکومەت یان حزبێك لە ئەمریکا دەکەن، لێدوان بە ڕۆژنامە نادەن، ئەمە نەك لەبەر ئەوەی دامەزراوەکە یان حزبە سیاسیەکە ڕێگە بەڕۆشنبیرەکە نادات لێدوان بدات، بەڵکو لەبەر ئەوەیە نەك قسە و لێدوانی ڕۆشنبیرەکە، دامەزراوەکە یان ئایدۆلۆژیەتی حزبە سیاسیەکە وا تەفسیری بۆ بکرێت دوورە لە هەڵەو کەموکوری،بەڵام ئازادە مومارەسەی نووسینی خۆی یان ڕای خۆی بکات و لەیەکێك لە ڕۆژنامەکان بڵاویبکاتەوە، بەڵام نابێت ئەو نووسینە تا لەو کارەدا بێت بەزەییان بۆ ئەو لایەنە بشکێتەوە کە ئەو ڕۆشنبیرە گرێبەستی لەگەڵیدا هەیە.

ئەمە لایەنێکی گرنگە کە سیفەتی پزیشك دەداتە ڕۆشنبیر بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگە،بۆیە لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەکان گرنگ نیە ئەو لەگەڵ کام لایەن ئیشدەکات، هەروەك چۆن لای پزیشك گرنگ نیە لەکام نەخۆشخانە کاردەکات یان کام نەخۆش چارەسەر دەکات، ئەوەی لای ئەو گرنگە ئەو نەخۆشیە چارەسەر بکات.

## ئایا ڕۆشنبیران ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان بەگرنگ دەزانن؟

گەورەترین کێشەی وڵاتی ئێمە و زۆربەی وڵاتانی هاوشێوەی ئێمە خراپ لێکتێگەیشتنی نێوان ڕۆشنبیران و حزبە سیاسیەکانە،زۆربەی ڕۆشنبیران بەداخەوە بەو جۆرە سەیری ڕۆڵی حزب لە کۆمەڵگە دەکەن، وەك ئەوەی دوا ئامانجی ڕۆشنبیران نەمانی حزبە سیاسیەکان بێت، ئەو پرسیارەی پێویستە ئاراستەی ڕۆشنبیران بکرێت ئەوەیە ئایا بەدیلی پارتە سیاسیەکان لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا چین؟ ئایا کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی لیبرالی هەیە توانیبێتی بێ بوونی پارتی سیاسیی هەنگاو بۆ بونیادی دیموکراتی هەڵبگرێت؟ ئایا ئەگەر حزبی سیاسیی نەمێنێ، کام گروپ یان ڕێکخراو ئەلتەرناتیڤی سیاسیی دروستدەکات؟ پرسیاری دوایین ئەوەیە




**زۆر مامۆستا ئێستا لە زانکۆکانی کوردستان هەن پشتگیری لەوە دەکەن، ژن پاسپۆرتی پێنەدرێت و ژن بۆی نەبێت بەتەنها سەفەر بکات**

ئایا ئەم پرسیارانە بۆ ئەوەیە رۆڵی حزب پیرۆز بکرێت لەبەر ئەوەی ئەلتەرناتیڤی نیە؟ بێگومـان نەخێر، لەبـەر ئەوەی جوانـی کۆمەڵگـەی دیموکراتـی ئەوەیـە کۆمەڵگەیەکـی کراوەیە و بێ کەموکورتی نیـە، جوانی کۆمەڵگەی کراوە ئەوەیە نە پێداویسـتیەکانی تێدا دەشـارێتەوە و نـە کەموکوریەکانیش، کۆمەڵگەیەکە بـەردەوام لە جوڵەیەکی بەردەوامدایە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی بۆ خۆی دیاریکردووە، ئەویش پاراستنی ئازادیە، هەتـا مرۆڤایەتیش مابێت ئەم ئەرکـە گرنگەی پاراسـتنی ئازادی هەر دەمێنێت، کارل پۆپەر سـەبارەت بە کۆمەڵگە کراوەکانـی رۆژئاوا دەڵێت: ((وێرای ئەو هەمـوو کەموکورتیانەی هەمانە بەڵام مرۆڤایەتی هەتا ئێسـتا لەم سیستەمە(مەبەسـتی سیستەمی لیبرال دیموکراتیە) پیـادە نەکردووە)) ئەمە مانـای چی یـە؟ مانای وایە خاوەنـی تیۆری کۆمەڵگـەی کراوە و دوژمنەکانـی بوونی پارتی سیاسـی وەك پێداویستیەکی کۆمەڵگەی لیبیرال دیموکراتی سەیر دەکات، بەڵام دەبێت ئەو حزبانە بەردەوام لە خۆ نوێکردنەوەدا بن بۆ ئەوەی ئاسـتی کرانەوەی کۆمەڵگە نەگەڕێتەوە بۆ دواوە.هەر بۆیە باسـی ئێمـە ئەوەیـە ئایا چـۆن لەگەڵ ئەم توخمـە سـەرەکیەی کۆمەڵگە (حزبە سیاسـیەکان) مامەڵـە بکەیـن؟، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی ئێمە لە دەسپێکی بونیادی پرۆسـەی دیموکراتیدایە، ئایا شوێن ئەو خواستە پۆپۆلیستیە بکەوین و ئەزموونی (فۆجیمۆری و شـافێز) دووبـارە بکەینەوە، یان ئـەوە ئەرکی رۆشـنبیرە کە بە هاوڵاتیانی کوردستان بڵێت، نابێت شـافێز و فۆجیمۆریەکی دیکە لەکوردستان دروستببێتەوە، ئەمە نابێت لەو چوارچێوەیە سەیر بکرێت، ئەم هەڵوێستەی رۆشنبیران دەبێتە پاڵپشتێك بۆ سیاسـەتی پارتـی و یەکێتی کە دوو حزبـن و حکومرانی وڵات دەکەن، خۆ ئەگـەر پارتی و یەکێتـی تەنها کەموکورتیەکەیان ئەوە بوایە جەخت لەسەر زەرورەتی حزبی سیاسـی بکەنەوە ئەوا جۆرە هەقێك (کە ئەویش هەر ناهەقیە) دەدرایە رۆشـنبیران کە ئەم هەڵوێستە پیشاننەدەن، بەڵام ئێستا پارتی و یەکێتی پێویسـتیان بە پێشـنیار و راسپاردەی هەموو رۆشنبیرانی کوردستان هەیە بۆ ئەوەی کەموکورتیەکانی خۆیان ببینن و راسـتی بکەنەوە،ئەگەر رۆشنبیر رێگە راسـتەکەی خۆی هەڵبژارد و بیەوێت لەم قۆناخە خۆبەخشـانە چاوساغی بۆ میللـەت و کۆمەڵگـەی خۆی بکات ئەرکی سەرشانیەتی:

١- دەبێت رۆشنبیر راشکاوانە و بەبێ لە روودامان یان لەبەر چاوگرتنی هەندێك ئیعتیبار،راستگۆیانە توخم و پێداویستیە سـەرەکیەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی دیاریبکات، بۆ نموونە حزبە سیاسیەکان پێویستن، بەڵام ئەدای حزبە سیاسیەکان لە ئاسـتی پێویسـت نین و رۆشنبیر رەخنەی لەسەر ئەدای حزبە سیاسیەکان هەیە ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکە، بەڵام رۆشنبیربوونی حزبی سیاسیی بە پێویست نەزانێت، لێرەدا بەداوای لێبوردنەوە ئەوە رۆشـنبیر نیە و ماسـکی رۆشنبیری لەسەردایە، بۆیە رۆشنبیری راستەقینە ئەو رۆشنبیریە کۆمەڵگە لە مەترسی گەندەڵی سیاسـیی ئاگادار بکاتەوە و تەنهـا رێگەش بۆ رێگرتن لە گەندەڵی سیاسـیی و مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات، بوونی فرەیی حزبە سیاسیەکانە.

٢- رۆشـنبیر دەبێـت ئـەوە بەئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت کە هاوکار بێت بۆ بەرزکردنەوەی ئەدای حزبە سیاسیەکان لەوپەڕی چەپ بۆ ئەوپەڕی راسـت، بەڵام دەبێـت تایبەتمەندی خۆی لەبیر نەچێتەوە کە ئەو رۆشنبیرە کادری حزب نیە.

٣- نابێت رۆشنبیر خۆی بە توخمێکی هـاودژی حـزب و کادرانـی حزب بزانێت، لەبـەر ئەوەی ئـەو ئەرکەی هەڵسـوراوێکی ناو حزبێکی سیاسیی پیادەی دەکات((مەبەسـت کادرێکی گەندەڵ نیە)) لە ئەرکی رۆشـنبیرەکە کەمتر نیە،لەبەر ئەوەی هەڵسوراوەکەی ناو حزبیـش کار بـۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتـی و کـراوە دەکات.،بـەڵام کاتێك ئەم هەڵسوراوەی فلان حزب یان قەوارەی سیاسی ئەم ئەرکە ئەدا ناکات ئەوا مافی رۆشـنبیرە بە دیالۆگ بە زمانی نەرم راسـتی بکاتـەوە، بەڵام رۆشـنبیر پەنا بەرێتە بەر زمانی زبر و شکاندن، ئەوا هەزار نموونە بۆ پاڵپشتی ئـەو بۆچوونە ریز بکرێت ئەو کەسـە رۆشنبیر نیە.

٤- ئەرکی رۆشـنبیرە رێگـە نەدات سیاسـەت لە خێری گشتیەوە بگۆڕێت بۆ خێری تاکەکـەس، بەڵام ئەوە دژی ئەرکی رۆشنبیرە کە سیاسەت هەمووی رەتبکرێتەوە.

٥- حـزب و کادیرانـی حزبیش دەبێت بەو چاوە سەیری رۆشنبیران نەکەن کە دوژمنن، بەڵکو دەبێت وەك ئەو دۆست و پشـت و پەنایانە سەیریان بکەن، وەك پەنـدە کوردیەکە دەڵێت((دۆسـتم ئەو کەسـەیە دەمگریەنـێ و دوژمن ئەو کەسەیە پێم پێئەکەنێ)).

**کۆمەڵگەی بێ رۆشنبیر وەک بوونی دەوڵەتێکی بێ سەروەری یاسایە**



**پرۆفیسۆر پاوڵ ویب ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانكۆی (Sussex) و ئەندامی بۆردی زانكۆی نیشتمانی ئوسترالیاشە و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر رۆڵی پارتە سیاسیەكان لەكۆمەڵگەدا، بۆ قسەكردن سەبارەت بەگرنگی پارتە سیاسەكان و رۆڵی رۆشنبیران لەنێو كۆمەڵگە، پرۆفیسۆر ویب بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربری:**



## پرۆفیسۆر پاوڵ ویب بۆ گوڵان:

# پارتە سیاسییەكان پێویستیان بەرۆشنبیر هەیە، بۆ داڕشتن و پێداچونەوەوە و گۆڕانكاریكردن لەبەرنامەی خۆیاندا

**لەفەرەنسا رۆشنبیر رێز و مەكانەتێكی تایبەتی هەیە، لەكاتێكدا لەبەریتانیادا تێروانینەكە بەمشێوەیە نییە و بگرە هەندێ جاریش بەچاوی گومانەوە لەرۆشنبیران دەروانرێت**

*** خوێندنەوەت چییە بۆ رۆڵی پارتە سیاسیەكان و رۆڵی رۆشنبیران بەشێوەیەكی گشتی لەكۆمەڵگەدا؟**

- لەراستیدا پارتە سیاسیەكان چەند ئەركێكی گرنگ ئەدا دەكەن لەكۆمەڵگەی دیموكراسیدا، بۆ نموونە پارتەكان هەڵدەستن بەسازدان و بەدەستهێنانی پشتیوانی هاوڵاتیان و گوزارشتكردن لەخواست و ویست و بەرژەوەندی گروپێكی دیاریكراوی كۆمەڵگەكە، بەڵام جیاوازی پارتە سیاسیەكان لەگروپەكانی بەرژەوەندی یان گروپەكانی گوشار لەم رووەوە ئەوەیە پارتە سیاسیەكان هەوڵدەدەن تێروانینیان لەئاست بەرژەوەندی گشتیدا گەڵاڵەبكەن و بایەخ بەسیاسیەتی گشتی دەدەن و دواتر هەڵدەستن بە ڕیزبەندیكردنیان بەپێی ئەولەویەتیان و لەم ڕووەوە بەرنامەیەكی تێروتەسەل دادەڕێژن. دواتر هەڵدەستن بەبەشداری پێكردنی هاوڵاتیان لەسیستەمە سیاسیەكەدا بۆ ئەوەی بتوانن شەرعیەت بەسیستەمەكە بدەن و بتوانن هەڵبژاردن ئەنجامبدەن. بەهەمانشێوە پارتە سیاسیەكان هەڵدەستن بەڕێكخستن و بەگەڕخستنی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن و لەم ڕێیەوە پەیام و بەرنامەی خۆیان بۆ دەنگدەر دەخەنەڕوو، لەهەمانكاتدا كەسانێكی دیاریكراو دەپاڵێون بۆ پۆستە گشتیەكان. لەدوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەكان پارتە سیاسیەكان یەكێك لەم دوو ئەركە ئەدا دەكەن، یاخود ئەركی حكومڕانیتیان دەكەوێتە ئەستۆ و لەئاست دەنگدەراندا بەرپرسیار دەبن، یاخود ڕۆڵی موعارەزەیەكی یاسایی و دڵسۆز دەبینن لەڕێی ڕەخنەگرتنەوە لەحكومەت.

*** لەهەموو كۆمەڵگەیەكدا ڕۆشنبیران سەركردایەتی بزوتنەوە سیاسیەكانی كۆمەڵگەكەیان كردووە و دواتر لەپێناو بەدەستهێنانی خواستی خەڵكەكەدا هەڵسان بەدامەزراندنی پارتە سیاسیەكان، پرسیارەكە ئەوەیە ڕۆڵی ڕۆشنبیران چیە لەپارتە سیاسیەكاندا؟**

- ئەمە لەوڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی دیكە دەگۆڕێت، هەروەها بەپێی جیاوازی سیستەمە سیاسیەكانیش دەگۆڕێت، بۆ نموونە لەفەرەنسا ڕۆشنبیر ڕێز و مەكانەتێكی تایبەتی هەیە، لەكاتێكدا لەبەریتانیادا تێڕوانینەكە بەمشێوەیە نییە و بگرە هەندێ جاریش بەچاوی گومانەوە لەڕۆشنبیران دەڕوانرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پارتە سیاسیەكان هەرچیەك بن، بەدەربڕینێكی دیكە بەچاوپۆشین لەوەی پارتێكی سیاسی پارتێكی ئایدۆلۆژیە یاخود پتر پشت بەبەرنامە دەبەستێت ئەوا پێویستیان بە ڕۆشنبیر هەیە، بۆ داڕشتن و پێداچونەوەوە و گۆڕانكاریكردن لەبەرنامە و تێڕوانین و هەڵوێستەكانی پارتەكە بە پێی گۆڕانی هەلومەرجەكان.

*** پارتە سیاسیەكان سەركەوتوو نابن لەهەڵسوڕاندنی كاروبارەكانیاندا بێ بەدەستهێنانی هاوكاری لەلایەن نوخبە ڕۆشنبیرەكانی كۆمەڵگەكەیانەوە، چۆن ڕۆشنبیر بتوانێت ڕۆڵی خۆی بدۆزێتەوە لەناو پارتە سیاسیەكاندا؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێكرد ئەمە لەوڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی دیكە جیاوازە، بۆ نموونە لەوڵاتی ئێمەدا ڕۆشنبیران لەبەرەی پێشەوە نین، یاخود هەمیشە ڕۆشنبیران نابنە سەركردەی پارتەكان، ئەگەرچی هەندێجاریش ئەمە ڕودەدات،

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی ڕۆشنبیران بریتی دەبێت لەوەی وەك بیریارێك كار بۆ پارتە سیاسیەکان بکەن و پتر خۆیان سەرقاڵ بکەن بەنووسین و شیکردنەوە و تەنزیرەوە، بۆ نموونە دەتوانن لەڕێی نامیلکە و بڵاوکراوەکانی دیکەوە ئەم کارە بکەن لەناو پارتەکاندا، بەهەمانشێوە دەتوانن لەڕێی بەشداریکردن لەبەرنامە گفتوگۆئامێزەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانەوە کاریگەری خۆیان هەبێت.

*** لەوڵاتانی جیهانی سێدا هەوڵێك لەئارادایە بۆ دوورخستنەوەی ڕۆشنبیران لەپارتە سیاسیەکان، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ڕۆشنبیران دوورەپەرێز بکرێن، ئایا چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن لەکۆمەڵگەدا؟**

- ڕۆشنبیران دەتوانن ئامرازگەلی جیاواز بەکار بهێنن بۆ ئەوەی کاریگەربن لەکۆمەڵگەدا، بۆنموونە دەتوان لەڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، یاخود لەڕێی چالاکیە ئەدەبی و هونەرییەکانەوە، یان لەڕێی بەشداریکردنیان لەکاری ڕێکخراوەکاندا کۆشش بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی بیروبۆچونەکانیان بکەن. ڕەنگە لەسەرەتادا ژمارەی ڕۆشنیرەکان کەم بێت، بەڵام گرنگە ئەوەیە دواتر بیرو ئایدیەکانیان لەناو کۆمەڵگەدا بڵاوببێتەوە گەشە بکات، ڕەنگە هەندێجار پارتە سیاسیەکان هەڵبستن بەگرتنەبەر و پەرەپێدانی ئەم ئایدیایانە، یاخود ڕۆژنامەکان ئەم کارە بکەن، گرنگە ئەوەیە ئەو بیروبۆچونانە تەنها لەناو بازنەی بەرتەسکی خودی ڕۆشنبیران خۆیاندا نەمێنێتەوە.

*** تێڕوانینەکە ئەوەیە دەبێت ڕۆشنبیران لەناو ئێش و ئازاری گەلەکەیاندا بن، چۆن ڕۆشنبیران دەتوانن ئەم کارە بکەن بۆ ئەوەی بەشداربن لەپرۆسەی گۆڕینی سیاسی لەکۆمەڵگەدا؟**

- یان ئەوەتا ڕۆشنبیران بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری لەکار و چالاکیە سیاسیەکاندا دەکەن، بۆ نموونە دەبنە پاڵێوراوی پارتەکان یاخود سەرکردە و سیاسەتمەدار لەناو پارتەکاندا، هەروەها بەشداری لەچالاکی و هەڵمەتەکانی پارتەکەدا دەکەن، یان ئەوەتا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەوڵی کاریگەربون دەدەن، بۆ نموونە لەڕێی بەشداری کردنیان لەچالاکیە ئەدەبی و هونەریەکان و لەدەزگاکانی ڕاگەیاندندا بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی بیروبۆچونەکانیان.

*** چۆن بتوانین هاوسەنگی نێوان ڕۆڵی ڕۆشنبیران و ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان ڕابگرین لە پرۆسە سیاسیەکەدا؟**

- من دڵنیانیم لەوەڵامی ئەم پرسیارە، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ١٩٦٨ کاتێك لەفەرەنسادا قوتابیان خۆپیشاندنیان کرد، ئەوە ڕوون بوو کە دەسەڵات و حکومەت دووچاری ناسەقامگیری بوونەوە و دڵنیانەبوون لەوەی ڕژێمەکە ڕزگاری دەبێت یان نا، لەو کاتە خەڵکانێکی زۆر هەوڵی ئەویاندا بزانن ڕۆڵی ڕۆشنبیران چی بووە لەو ڕووداوەدا، هەرچەندە من پێمواییە پرسیارەکە ئەوەبێت ئایا دەبێت چۆن هاوسەنگی ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان لەگەڵ کاریگەری ڕۆشنبیراندا ڕابگرین، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پارتە سیاسیەکان کە ڕکابەری و ململانێی یەکتر دەکەن چۆن هەڵدەستن بەپێداچونەوە و گۆڕینی هەڵوێست و بەرنامەکانیان لەژێر ڕۆشنایی ئەو کاریگەریەی ڕۆشنبیرانە لەسەر کۆمەڵگەکە جێیدەهێڵن.

*** پارتە سیاسیەکان بەچەند قۆناخدا تێدەپەڕن، بۆ نموونە پارتی کرێکارانی بەریتانیا بۆ ماوەی ١٧ ساڵ لەدەسەڵات دوورخرایەوە، بەڵام دواتر توانیتی چەند هەنگاوێك هەڵبگرێت و دووبارە خۆی بنیاتبنێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەو هەنگاوانە چی بوون کە ئەم پارتە هەڵیگرتن و بۆچی پارتی پارێزگاران نەیتوانی ئەم کارە بکات؟**

- ئەگەر باس لەو ماوەیە دەکەن کە پارتی کرێکاران نەیتوانی دەسەڵات بگرێتەدەست لەماوەی نێوان ساڵی ١٩٧٩ بۆ ساڵی ١٩٩٧دا، ئەوا ڕاستە کە ئەم پارتە لەپرۆسەیەکی سەخت و لەسەرخۆدا توانیتی دووبارە پارتەکەی خۆی بنیاتبنێتەوە، بەتایبەتی لەسەر دەستی تۆنی بلێر و پێشتریش ئەم هەوڵ و کۆششانە بەردەوام بوون. بۆ ماوەیەك پێدەچوو ئەم پارتە لەخواست و ویستی خەڵك دوورکەوتبێتەوە، بەڵام دواتر کۆششی سەختکرا بۆ پێداچوونەوە و ئەنجامدانی چاکسازی. ئەوەی پەیوەندی بەپارتی پارێزگارانەوە هەبێت من دڵنیانیم لەدروستی ئەو لێکدانەوەی کە دەڵێت بەپێچەوانەی پارتی کرێکارانەوە ئەم پارتە شکستیهێناوە لەپێداچوونەوە و دووبارە بنیاتنانەوەی خۆیدا.

*** ئایا دەکرێت پارتە سیاسیەکانی وڵاتانی دیکە هەمان ئەزموونی سەرکەوتووی پارتێکی سیاسی دیکە دووبارە بکەنەوە، لەڕووی دووبارە بنیاتنانەوە و ئەنجامدانی چاکسازی لەنێو خۆیاندا؟**

- هەمیشە پارتە سیاسیەکان هەوڵی فێربوون دەدەن لەئەزموونی پارتە سیاسیەکانی دیکەوە، بۆ نموونە پارتی کرێکارانی بەریتانیا سوودیان لەئەزمونی تاتچەر وەرگرت کە سەر بەپارتی پارێزگاران بوو، بەهەمانشێوە پارێزگارانیش سوودیان لەئەزموونی تۆنی بلێر وەرگرت، بەڵام دەبێت ئەم سوود وەرگرتنە نەبێتەهۆی پێشێلکردن و لاوازکردنی ناسنامە و بەها بنەڕەتیەکانی پارتەکە. بەهەمانشێوە دەکرێت پارتەکان سوود لەئەزمونی پارتە سیاسیەکانی وڵاتی دیکە وەربگرن، بۆ نموونە پارتە سیاسیەکانی بەریتانیا هەوڵدەدەن سوود لەئەزمونی پارتەکانی ئەمەریکا وەربگرن لەڕووی چۆنیەتی خستنەگەڕ و ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و ئەو سیاسەت و بەرنامانەی دەیگرنەبەر. بەهەمانشێوە هەندێ پرۆسەی گەورەتر هەیە کە دەبنەهۆی باشترکردی پرۆسەی فێربوون لە ئەزمونەکانی دیکەوە، بۆ نموونە پەرلەمانی ئەوروپا لەم ڕووەوە یارمەتیدەر بۆ پارتە سیاسیەکانی وڵاتانی ئەوروپا.

**هەمیشە پارتە سیاسیەکان هەوڵی فێربوون دەدەن لەئەزمونی پارتە سیاسیەکانی دیکەوە، بۆ نموونە پارتی کرێکارانی بەریتانیا سوودیان لەئەزمونی تاتچەر وەرگرت کە سەر بەپارتی پارێزگاران بوو، بەهەمانشێوە پارێزگارانیش سوودیان لەئەزموونی تۆنی بلێر وەرگرت**

**پرۆفیسۆر روسڵ بێرمان، ئوستادی زانستی سیاسیەتە لەزانکۆی ستانفۆرد و بەڕێوەبەری دیراساتی ئەڵمانیا لەزانکۆی ناوبراو بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان و ڕۆشنبیران لەکۆمەڵگە پرۆفیسۆر بێرمان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



### پرۆفیسۆر روسڵ بێرمان بۆ گوڵان:

# دەبێ سیاسەتمەداران بیروبۆچوونەکانی ڕۆشنبیران بەهەند هەڵبگرن، دەبێت ڕۆشنبیرانیش ئەوە لەبەرچاو بگرن کە سیاسییەکان لەواقیعێکی ئاڵۆزدا هەڵدەسوڕێن

*** بوونی پارتەسیەکان لەکۆمەڵگەی دیموکراتی سوودی چییە؟ ئایا پارتە سیاسیەکان چ ڕۆڵیك دەگێڕن؟**

- لەکۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا پارتە سیاسییەکان نوێنەرایەتی بەرژەوەندی و بەها و ئایدۆلۆژیەتە جیاوازەکان دەکەن و دەبنە میانگیرێك لەنێوان ئاڵۆزیەکانی کۆمەڵگە و بونیادی دەوڵەتدا لەکاتێکدا پارتە سیاسیەکان ڕۆڵێکی زۆر جیاوازتر دەبینن لەدەوڵەتە نادیموکراتی یان دیکتاتۆریەکاندا.

*** کاتێك پارتێکی سیاسیی سەرهەڵدەدات یان دادەمەزرێت، ئەو پارتە سیاسیە دەبێتە بەرهەمی فیکری ئەو ڕۆشنبیرانە، بۆچی بەدامەزراندنی پارتە سیساسەکە ڕۆشنبیران هەڵوێستی لەبەرامبەر وەردەگرن؟**

- هەندێجار ڕۆشنبیران هەڵدەستن بەدامەزراندنی پارتە سیاسیەکان و دەبنە سەرکردەی ئەو پارتانەش، بەڵام مەرج نییە ئەمە لەهەموو حاڵەتەکاندا ڕاست بێت، چونکە زۆرجار پارتە سیاسیەکان لەلایەن سەرکردەی بزووتنەوە و یەکێتی سەندیکاکانەوە، یان لەلایەن خاوەن کار، یان کەسایەتیە ئاینیەکانەوە دادەمەزرێنرێن و دواتر ڕۆشنبیران لەچوراچێوەی ئەم پارتانەدا ڕۆڵی خۆیان دەبینن. ڕۆڵی ڕۆشنبیرانیش بریتیە دەبێت لەکارکردن بۆ ئەوەی پارتەکە پابەند بێت بە بەها و بنەماکانی خۆیەوە، لەبەرئەوەی ڕۆشنبیران پابەندن بە بەهاکانەوە ئەوا زۆرجار سازشکردن ڕەتدەکەنەوە، لەکاتێکدا سیاسیەکان هەم بایەخی بەهاکان لەبەرچاو دەگرن و هەم ئاڵۆزی واقیعەکەش ڕەچاو دەکەن، لەبەرئەوەی واقیعەکە بەرژەوەندی و بەها و تێڕوانینی جیاواز لەخۆدەگرێت، ئەوا پتر ئامادەی گەیشتن بەڕێککەوتن و سازش دەبن.

*** بەڕای بەڕێزت نابێت ڕۆشنبیر لەپارتە سیاسیەکان دووربێت، یان ئەگەر لەناو پارتە سیاسیەکانیشدا بن ئاساییە؟**

- ئەمە دەوستێتەسەر ئەوەی پێناسەی ئێمە بۆ ڕۆشنبیر چییە، ئایا هەموو کەسێك کە خوێنەواری هەیە و ئاستێکی دیاریکراوی لەپرۆسەی پەروەردا بڕیوە بەڕۆشنبیر دادەنرێت؟ یاخود پێناسەمان بۆ ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە خەسڵەتێکی پیشەگەرانەی هەیە، بۆ نموونە مامۆستایانی زانکۆ و نوسەرەکان. من دەڵێم لەهەموو حاڵەتەکاندا دەبێت سیاسەتمەداران بیروبۆچونەکانی ڕۆشنبیران بەهەند هەڵبگرن، بەڵام لەهەمانکاتدا دەبێت ڕۆشنبیرانیش ئەوە لەبەرچاو بگرن کە سیاسیەکان لەجیهان و واقیعێکی پڕ لەپشێو و ئاڵۆزدا هەڵدەسوڕێن. لەڕاستیدا ئەمە پرس و پرسیارێکی فەلسەفی قووڵە، مەبەستم لەپەیوەندی نێوان ڕۆشنبیران و دەسەڵاتدارانە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن کە گفتوگۆ لەبارەی پەیوەندی نێوان فەیلەسوف و حکومڕان دەکرا، هەروەها ئیمانویل کانت کە فەیلەسۆفێکی ئەڵمانی بوو و باسی لەپرسی ئاشتی دەکرد و ڕاستەوخۆ ئەم مەسەلەیەی تاوتوێ کرد، واتە باسی لەسیاسەت دەکرد لەبەرامبەر ئەخلاقدا، دەسەڵات لەبەرامبەر ئایدیادا. تۆ پرسیارت لەبارەی ڕۆڵی ڕۆشنبیرەوە کرد لەپارتە سیاسیەکاندا، یەکەم دەبێت ئەوە بڵێین ڕۆشنبیرانیش هاوڵاتین و ئەوانیش دەتوانن بەشداری لەپرۆسە سیاسیەکەدا بکەن، دووەم پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ڕۆشنبیران دەتوانن چ ڕۆڵ و کاریگەریەکی دیکەیان هەبێت کە هاوڵاتیانی دیکە نیانە، دەتوانین لەوەڵامدا بڵێین ڕۆشنبیران دەتوانن شارەزایی و مەعریفەی خۆیان بخەنە خزمەت پارتە سیاسیەکەوە، هەروا

**دەبێت ئەوە بڵێین ڕۆشنبیرانیش هاوڵاتین و ئەوانیش دەتوانن بەشداری لەپرۆسە سیاسییەکەدا بکەن**

دەتوانن پرس و مەسەلە سیاسیەکان ڕوون بکەنەوە.

*** ئایا مەرجە ڕۆشنبیر لە سیاسەت دووربکەوێتەوە، یان سیاسەتیش ئەرکێکی دیکەی ڕۆشنبیرە؟**

- شتێکی زۆر باشە ئەگەر ڕۆشنبیران بیر لەسیاسەت بکەنەوە، لەڕاستیدا دەبێت هەموو کەس بیر لەسیاسەت بکاتەوە و ئەمە یەکێکە لەئەرکەکانی هاوڵاتیان و لەنێویاندا ڕۆشنبیرانیش، من ستایشی ئەمە دەکەم، بەڵام من دوو دڵم لەئاست ئەو لێکدانەوەیەی دەڵێت دەبێ ڕۆشنبیران سەرکردایەتی پارتە سیاسیەکان بکەن، ڕاستە ڕەنگە ئەوان بیر لەخولقاندنی بارودۆخێکی میسالی بکەنەوە، بەڵام ڕۆشنبیرانیش خاڵی لاوازی خۆیان هەیە وەك هەموو کەسێکی دیکە، هیچ کەسێك بێ کەموکوڕی نییە بەڕۆشنبیرانیشەوە.

*** ڕۆڵی ڕۆشنبیران بنیاتنانی هۆشیاری سیاسیە لەکۆمەڵگەدا، بەڵام ئەگەر ڕۆشنبیران لەدەرەوەی پارتە سیاسیەکان بن ئەوا بەزەحمەت دەتوانن ئەم ڕۆڵە ئەدا بکەن؟**

-لێرەدا دەبێت دوو مەسەلە لێکجیابکەینەوە، یەکەمیان ئایا دەبێت ڕۆشنبیران بیر لەسیاسەت بکەنەوە و خۆیانی پێوە سەرقاڵ بکەن؟ بەدڵنیاییەوە، مەسەلەی دووەم ئەوەیە ئایا دەبێت ئەم بیرکردنەوە و خۆسەرقاڵکردنە لەشێوەی ئەندامێتی ئەو ڕۆشنبیرەدا بەرجەستە بێت لەناو پارتە سیاسیەکاندا؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە ناکرێت بەشێوەیەکی گشتی وەڵامی بدەینەوە، هەروەها ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی کێ بەڕۆشنبیر دادەنرێت.

بۆ نموونە ئەگەر سەرکردە تیۆکراتیەکانی ئێران بەڕۆشنبیر دابنێین کە حکومڕانێتی ئەو وڵاتە دەکەن، ئەوا ئەم نوخبەیە هیچ کارێکی نەکردووە بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراسی لەو وڵاتەدا. بەڵام دەکرێت ڕۆشنبیر ڕۆماننووس بێت، یان شاعیر یان نووسەر یان فەیلەسوف بێت و هتد، واتە ڕۆشنبیران شێوەی جیاوازیان هەیە و کاری جیاوازیش ئەدا دەکەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەبەرئەوەی ڕۆشنبیران توانایەکی زیاتریان بەسەر بەکارهێنانی زمان و دەربڕیندا دەشکێت، ئەوا دەبێتا باشتر، یان بەشێوەیەکی کارا و کاریگەرتر کار بۆ گەیاندن و خستنەڕووی خواست و نیگەرانیەکانی خەڵك بکەن، دەکرێت ڕۆشنبیران ئەم کارە لەڕێی پارتە سیاسیەکانەوە بکەن، هەروەها دەکرێت لەڕێی ڕۆژنامەکانەوە، ئەمە دەوەستێتەسەر کولتوور و هەلومەرجی تایبەتی هەر کۆمەڵگەیەك.

*** چۆن ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی عێراق هەڵدەسەنگێنیت؟ یاخود لەبارودۆخی مەترسیداری ئێستای عێراقدا کە کێشەی هەڵپەسێدراو هەن و سیاسیەکان نەیانتوانیوە بگەنە ڕێککەوتن و سازشێك، ئایا تا چ ڕادەیەکی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵك یارمەتیدەرە لەم قۆناخەدا؟**

- من کەسێکی شارەزانیم لەسەر بارودۆخی عێراق، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانم ئەوە بڵێم کە نەمانی سەددام حوسێن لەبەرژەوەندی عێراق و جیهانیشدا بوو، ئەمە مشتومڕی لەسەر ناکرێت. هەروەها ئەوەش دەزانم کێشەی گەورە لەعێراقدا هەیە، بەڵام من پێموایە دەبێت ڕۆشنبیرانی نێو هەموو پێکهاتەکان گفتوگۆ لەگەڵ یەکدا بکەن و چارەسەری ئەم کێشانە بەتەنها بۆ سیاسییەکان جێنەهێڵن.

*** خوێندنەوەت چییە بۆ بارودۆخی هەرێمی کوردستان؟**

- من هەمیشە هاوسۆزبوومە لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی لەکوردستاندا ڕوویداوە، ئەگەرچی من پشتگیری پارتێکی سیاسیی دیاری کراوی ئەو هەرێمە ناکەم، بەڵام ئێوە لەبارودۆخێکدان کە بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە حەسادەتتان پێدەبەن.

*** چۆن بتوانین هاوسەنگی نێوان ڕۆڵی ڕۆشنبیران و ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان ڕابگرین لەپرۆسە سیاسیەکەدا؟**

- ئێمە ئاماژەمان بەوە کرد کە دەکرێت ڕۆشنبیر شاعیر یان نووسەر یان بەرهەمهێنەری فیلم بێت، یان بەشێوەیەکی گشتی ڕۆشنبیر ئەو کەسانەن کە خۆیان بۆ خوێندنەوە و نووسین و بیرکردنەوە تەرخانکردووە و دەبێت کۆششی سەخت و هەوڵی زیاتر بدەن بۆ ئەوەی لەڕێی کارە ئەدەبیەکان، یان نووسینەکانیەوە گوزارشت لەخەم و خواستی ڕۆژگار و سەردەم و قۆناخی کۆمەڵگەکەیان بکەن. لەعێراقدا لەبەرئەوەی کێشەی گەورە هەیە و دابەشبوونی ئاینی و ئایتنی قووڵ لەئارادایە ئەوا ئەمە ئەرکێکی قورسە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیران ئەدای بکەن.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من هیوای خۆشبەختی بۆ خەڵکی عێراق دەخوازم، هەر دەبێت ئەم وڵاتە بەئاشتی و گەشەکردن بگات، ئەوەی پەیوەندی بەکوردستانەوە هەبێت ئەوا ئاستی گەشەی سیاسی و دیموکراسی لەم هەرێمەدا جێی ئیعجاب و حەسادەت پێبردنە.

**من دوو دڵم لەئاست ئەو لێکدانەوەیەی دەڵێت دەبێ ڕۆشنبیران سەرکردایەتی پارتە سیاسیەکان بکەن، ڕاستە ڕەنگە ئەوان بیر لەخولقاندنی بارودۆخێکی میسالی بکەنەوە، بەڵام ڕۆشنبیرانیش خاڵی لاوازی خۆیان هەیە وەك هەموو کەسێکی دیکە**

**ئەگەر سەرکردە تیۆکراتیەکانی ئێران بەڕۆشنبیر دابنێین کە حکومڕانێتی ئەو وڵاتە دەکەن، ئەوا ئەم نوخبەیە هیچ کارێکی نەکردووە بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراسی لەو وڵاتەدا**



**پرۆفیسۆر تۆماس پەنگڵ ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی تەکساس و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر حکومەت و رۆڵی پارتە سیاسیەکان لەحکومەتی دیموکراتیدا، بۆ بەدواداچوونی رۆڵی رۆشنبیران و کاریگەریان لەسەر پارتە سیاسیەکان و رێکخستنی هاوسەنگە نێوان پارتە سیاسیەکان و رۆشنبیران پرۆفیسۆر پەنگ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گولان دەربڕی.**



### پرۆفیسۆر تۆماس پەنگڵ بۆ گوڵان:

# ئەگەر پارتە سیاسیەکان قەبووڵی ڕەخنەبکەن ئەوا ڕۆشنبیرانیش دەبنە ڕەخنەگرێکی دۆست بۆ پارتە سیاسییەکان

**بوونی ڕۆشنبیران زەرورەتە، لەبەرئەوەی پارتە سیاسیەکان پێویستیان بەتێڕامان هەیە لەهەڵوێستەکانیان و شیکردنەوەی ئایدیاکانیان**

*** لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا ڕۆشنبیران سەرکردایەتی بزووتنەوە سیاسیەکانی کۆمەڵگەکەیان کردووە و دواتر لەپێناو بەدەستهێنانی خواستی خەڵکەکەدا هەڵسان بەدامەزراندنی پارتە سیاسیەکان، پرسیارەکە ئەوەیە ڕۆڵی ڕۆشنبیران چیە لەپارتە سیاسیەکاندا؟**

- ڕۆشنبیران یارمەتیدەردەبن لەگەڵاڵەکردنی ئەو بیروبۆچونانەی دەبنە پێشەنگ و ڕێبەر بۆ پارتەکان.

*** تا چ ڕاددەیەك بوونیان لەناو پارتە سیاسیەکاندا پێویستە؟**

- بوونی ڕۆشنبیران زەرورەتە، لەبەرئەوەی پارتە سیاسیەکان پێویستیان بەتێڕامان هەیە لەهەڵوێستەکانیان و شیکردنەوەی ئایدیاکانیان بۆ ئەوەی ڕوونیانبکەنەوە و بیانخەنەڕوو، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانن ڕەخنەیەکی ژیرانە لەبیروبۆچوونە رکابەرەکانیان بگرن.

*** ئایا چۆن ڕۆشنبیر بتوانێت ڕۆڵی خۆی بدۆزێتەوە لەناو پارتە سیاسییەکاندا؟**

- لەڕاستیدا بەشێوەیەك لەشێوەکان هەمیشە ڕۆشنبیران سەربەخۆییەکیان هەیە، بەڵام ئەگەر پارتە سیاسیەکان قەبووڵی ڕەخنە بکەن، ئەوا ئەمە هەلومەرجێکی تەندروستە و دەکرێت ئەو ڕۆشنبیرانەش ببنە ڕەخنەگرێکی دۆست بۆ پارتە سیاسیەکان. بەڵام مەترسیەکە ئەوەیە ئەگەر رۆشنبیران لەپارتە سیاسیەکان دووربخرێنەوە، یاخود ئەگەر پارتە سیاسییەکان هەڵوێستێکی دوژمنکارانە وەربگرن لەئاست ڕۆشنبیراندا، ئەوا تێڕوانینی پارتە سیاسیەکان کەمتر ژیرانە دەبێت و بیروبۆچۆنەکانیان بەرەو کرچوکاڵی دەچن.

*** بەشێوەیەکی گشتی گرنگی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە چییە بۆ هێنانەدی دیموکراسی و بنیاتنانی سیستمێکی سیاسی باش؟**

- بوونی مشتومری ڕۆشنبیرانە گرنگە لەکۆمەڵگەدا، گرنگە لەبەرئەوەی لەدیموکراسیدا پێویست بەوە دەکات بیروبۆچونە جیاوازەکان لەگەڵ یەکدا گفتوگۆ بکەن بۆ ئەوەی تێڕوانینێکی بەرفراوانتر و دەوڵەمەندتر لەلای هەر یەکەکێکمان گەڵاڵەبێت دەربارەی سروشتی کێشەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان. ئەمە باشتر ڕوودەدات ئەگەر خەڵکانێکی ڕۆشنبیر لەناو پارتە سیاسیە جیاوازەکاندا بونیان هەبێت و ئەم ڕۆڵە ببینن.

*** مەبەستەکە ئەوەیە ئاسا ئاستی ڕۆشنبیری و پەروەردە و خوێندن چ کاریگەریەکی هەیە لەسەر کەشی سیاسی لەکۆمەڵگەدا؟**

- بەدڵنیاییەوە تاوەکو ئاستی ڕۆشنبری و پەروەردەی خەڵك بەرز بێت، بۆ نموونە تاوەکو زیاتر خەڵك بتوانن ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بخوێننەوە ئەوا هۆشیاریان زیاتر دەبێت و زیاتر دەتوانن بەشداری لەگفتوگۆکان و پرۆسەی دەرکردنی بڕیارەکاندا بکەن.

*** ڕۆڵی ڕۆشنبیران لەبنیاتنانی هۆشیاری سیاسیەکە لەکۆمەڵگەدا، بەڵام ئەگەر ڕۆشنبیران لەدەرەوەی پارتە سیاسییەکان بن ئەوا بەزەحمەت دەتوانن ئەم ڕۆڵە ئەدا بکەن؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، ڕەنگە ڕۆشنبیران بتوانن لەڕێی بەشداریکردن لەدامەزراوە پەروەردەییەکانەوە ئەو کارە بکەن، بۆ نموونە لەڕێی گوتنەوەی وانە و موحازەرەکانەوە لەقوتابخانە و زانکۆکاندا، هەروەها دەبێت ڕۆشنبیران

بەشێوەیەك قسەبكەن و بنووسن كە خەڵكی ئاسایی لێیان تێبگەن، نەك تەنها لەنێو خۆیاندا گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە بكەن. گرنگە ڕۆشنبیران بەو شێوەیە گفتوگۆ لەبارەی كولتوور و ڕابردوی ئایینی و عەلمانی كۆمەڵگەكیانەوە بكەن كە ببنە سەرچاوەی ئومێد و ئیلهام، پێموایە ئەمە بەشێكی گرنگە لەئەركی ڕۆشنبیران لەهەر كۆمەڵگەیەكدا. بەدەربڕینێكی دیكە دەبێت ڕۆشنبیران ڕەگوڕیشەیان هەبێت لەناو خودی كۆمەڵگەكانی خۆیاندا.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك جیاوازی سیستم و پارتە سیاسییەكان لەنێوان وڵاتاندا بۆ جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری ئەو وڵاتانە دەگەڕێتەوە؟**

- من زۆر دڵنیانیم، مەبەستم ئەوەیە تا ڕاددەیەكی دیاریكراو ڕەنگدانەوەی جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیرییە، بەڵام من ناتوانم دەقاودەق ئەوە دەستنیشان بكەم كە چ ڕۆڵێكی هەیە، بەتایبەتی بە بەراورد بەهۆكارەكانی دیكە، وەك گەشەكردنی ئابووری و پێگەی جوگرافی وڵاتەكە و هتد.

*** چۆن بتوانین هاوسەنگی نێوان ڕۆڵی ڕۆشنبیران و ڕۆڵی پارتە سیاسیەكان ڕابگرین لەپرۆسە سیاسیەكەدا؟**

- گرنگترین شت ئەوەیە ڕۆشنبیران و پارتە سیاسیەكان فێری ئەوەبن ڕێز لەیەكتری بگرن، بۆ نموونە نابێت ڕۆشنبیران بەچاوی تەحقیرەوە سەیری پارتە سیاسیەكان بكەن، لەبەرئەوەی پارتە سیاسیەكان ئامرازێكی گرنگن بۆ ڕێكخستن و سازدانی خەڵك، لەهەمانكاتدا دەبێت پارتە سیاسیەكانیش ئامادەبن بۆ گوێگرتن لەڕۆشنبیران و كراوەبن بەڕووی ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵیاندا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- زۆربەی خەڵكی ئەمەریكا هیوادار و ئومێدەوارە خەڵكی كوردستان سەركەوتووبن لەبنیاتنانی كۆمەڵگەیەكی دیموكرات و گەشەكردوودا و دەستكەوتەكانی ئێوەش لەماوەی ئەو چەند ساڵە كەمەی ڕابردوودا جێی ئیعجابی ئێمەیە.

**گرنگە ڕۆشنبیران بەو شێوەیە گفتوگۆ لەبارەی كولتوور و ڕابردوی ئایینی و عەلمانی كۆمەڵگەكیانەوە بكەن كە ببنە سەرچاوەی ئومێد و ئیلهام**



**گرنگترین شت ئەوەیە ڕۆشنبیران و پارتە سیاسیەكان فێری ئەوەبن ڕێز لەیەكتری بگرن، نابێت ڕۆشنبیران بەچاوی تەحقیرەوە سەیری پارتە سیاسیەكان بكەن**

پرۆفیسۆر محەمەد وەسیم ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی لاهور لەپاکستان، ئامانج لەم دیمانەیە لەگەڵ پرۆفیسۆر وەسیم لەپاکستان بۆ ئەوەیە بەدوای ئەو حاڵەتی لاوازی و بێ متمانیە بچین کە پارتەکانی پاکستان تێدا دەژین و هەروەها بۆ ئەوەی بزانین ئایا رۆشنبیرانی پاکستان تاچەند خۆیان دوورەپەرێز کردووە لەم مەسەلە گرنگەدا، لەم چوارچێوەیەدا پرۆفیسۆر وەسیم بەمجۆرە ئەو هۆکارانەی بۆ گوڵان خستەڕوو.



### پرۆفیسۆر محەمەد وەسیم بۆ گوڵان:

# پارتە سیاسەکانی پاکستان لاوازن، نزیکەی ٨٠-٧٠٪ی ڕۆشنبیران لەدەرەوەی پارتە سیاسیەکاندا کاردەکەن

**ڕۆشنیران هەمیشە بیرکردنەوەیەکی سەربەخۆیانەیان هەیە و بابەتیانە بۆ پرس و کێشەکان دەڕوانن**

*** بەگشتی ڕۆڵی ڕۆشنبیران چییە لەکۆمەڵگەدا؟ تا چ ڕاددەیەك بونیان گرنگە لەکۆمەڵگەدا؟**

- لەپاکستاندا چینی ناوەڕاست هەیە کە ڕۆشنبیران لەم چینەوە سەریانهەڵداوە، ئەم ڕۆشنبیرانەش یان لە ناوەندە ئەکادیمیەکاندا کاردەکەن، یاخود لەدەزگاکانی ڕاگەیاندندا و بەشداری دەکەن لەدروستکردنی ڕای گشتی و کاریگەربوون بەسەر بیروبۆچونی خەڵکەوە. لەم ڕوانگەیەوە جگە لە سەرکردە سیاسیەکان و سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرانیش هەڵدەستن بە بینینی ڕۆڵی خۆیان لەسەر دروستکردن و ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی.

*** ئایا ڕۆڵی ڕۆشنبیران چیە لە پارتە سیاسیەکاندا؟**

- لەپاکستاندا پارتە سیاسیە سەرەکیەکان پشت بە چینی ناوەڕاست نابەستن، بۆ نموونە هەردوو پارتە سەرەکیەی ئەم وڵاتە خاوەن زەوی و زارەکان باڵادەستن بەسەریاندا، بەداخەوە ئەو ڕۆشنبیرانەش کە لەچوارچێوەی ئەم پارتانەدا هەڵدەسوڕێن ناتوانن ڕاستەوخۆ ڕۆڵی دارشتن گەڵاڵەکردنی سیاسەتی پارتەکە ئەدا بکەن، واتە ڕۆڵێکی پێشەنگ نابینن لەم ڕووەوە. لەپاکستاندا دوو ناوەندی دارشتنی سیاسەت هەیە، یەکێکیان لەناو پەرلەمان و ئەوی دیکەیان لەدەرەوەی پەرلەمانە، لەدەرەوەی پەرلەماندا سوپا و دەزگای بیرۆکراسی ئەم ڕۆڵە ئەدا دەکەن، لەناو پەرلەمانیشدا ئەندامانی پەرلەمان کە بەداخەوە زۆربەیان بەرجەستەی نوخبە خێڵەکیەکانی وڵاتەکە دەکەن. بەو پێیە ڕۆشنبیران ڕۆڵێکی سنورداریان هەیە.

*** کەواتە ڕۆشنبیر بتوانێت ڕۆڵی خۆی بدۆزێتەوە لەناو پارتە سیاسیەکاندا؟**

- لە ڕاستیدا پارتە سیاسیەکان بەشە لاوازەکەی دەوڵەتن، ئەمە کێشە سەرەکیەکەی پاکستانە، بۆ نموونە دەسەڵات و هێزی ڕاستەقینە لەناو پەرلەمان و پارتە سیاسیەکانی ناو پەرلەماندا نییە، هەروەها لە ناو پارتە سیاسیەکانیشدا سەرکردەکان زیاتر ڕۆڵ و ئەرکی دەرکردنی بریار دەبینن و ڕۆشنبیران تەنها ڕۆڵێکی لاوەکیان هەیە. ئەمە بۆ زۆرێك لەپارتە سیاسیە سەرەکی و گەورەکان ڕاستە، هەرچەندە چەند پارتێکی بچووکیش هەن، وەك جەماعە ئەلئیسلامیە و پارتێکی دیکەی چەپڕەو کە ڕۆشنبیرانی چینی ناوەڕاست ڕۆڵێکی گەورەتریان تێدا ئەدا ئەکەن، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەمانە پارتگەلێکی بچووکن، بەو پێیە کاریگەریشیان سنووردارە، کەواتە دەتوانین بڵێین ڕۆشنبیران بە گشتی لە پێگەیەکی لاوازەوە ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان ئەدا ئەکەن لەپاکستاندا.

*** باشە ئەگەر ڕۆشبیران دورەپەرێز بکرێن ئایا چۆن پارتە سیاسیەکان دەتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن لەکۆمەڵگەدا؟**

- بەداخەوە لەپاکستاندا نزیکەی لەسەدا ٧٠ بۆ ٨٠ ڕۆشنبیران لەدەرەوەی پارتە سیاسیەکاندا کاردەکەن، واتە بەشێکن لەکۆمەڵگەی مەدەنی و لەناوەندە ئەکادیمیەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و هتد کار و چالاکی ئەنجامدەدەن، بەو پێیە بەشێك نین لەپرۆسە سیاسیەکە و ناتوانن لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بەدیلێکی جیاواز بۆ سیاسەتی پیادەکراو بخەنەڕوو، کە سیاسەتی پەیڕەوکراویش لەسەر بنەمای خێڵ و خزمایەتی و ئاین دروستبووە، لەم سۆنگەیەوە ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتە ئەو ڕۆڵە ئەدا ناکەن کە لێیان

چاوەڕوان دەکرێت. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەم کە ڕۆشنبیران خواستی ئەوەیان هەیە لەناو پارتە سیاسیەکاندا کاربکەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە سەرکردە سیاسیەکانی ئەم پارتانە ڕێگریان لێدەکەن، لەبەرئەوەی ڕۆشنبیران هەمیشە بیرکردنەوەیەکی سەربەخۆیانەیان هەیە و بابەتیانە بۆ پرس و کێشەکان دەڕوانن، کەواتە ڕۆڵێکی گرنگ هەیە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیران ئەدای بکەن، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە لەم وڵاتەدا ڕۆڵێکی لاوەکی دەبینن و پێگەیان لاوازکراوە.

*** بەڵام تێروانی گشتی بۆ ڕۆڵی ڕۆشنبیر خۆبینینەوەیەتی لە ناو ئازارەکانی گەلەکەیدا، بۆچی ڕۆشنبیرانی پاکستان لەم ئەرکە بێ خەمن؟**

- لێرەدا دەبێت باس لەوە بکەم کە هەوڵێك لەئارادایە لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە بۆ ئەوەی لەڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە کاریگەربن بەسەر ڕای گشتیەوە، بۆ نموونە حاڵی حازر ڕۆشنبیران لەڕێی هەندێ بەرنامەی تەلەفزۆنیەوە میوانداری ئەندامانی پارتە سیاسیەکان دەکەن و پرسیاریان ئاراستە دەکەن و گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەن و توانیویانە هۆکارێك بن بۆ ئەوەی وردە وردە هۆشیاری سیاسی خەڵك باڵابکات، من پێشبینی دەکەم ئەمە لەساڵانی داهاتوودا ڕەنگدانەوەی هەبێت لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، مەبەستم ئەوەیە دەنگدەر لەسەر ئەساسی بەرنامە و سیاسەتی پارتەکان دەنگبدات، لەکاتێکدا ئێستا بەپێی ناسنامە و ئینتمای ئاینی و خێڵەکی دەنگ دەدات.

*** چۆن ڕۆڵی ڕۆشنیرانی عێراق هەڵدەسەنگێنیت؟**

- تێڕوانینەکە لەپاکستان لەئاست عێراقدا ئەوەیە کە ئەو وڵاتە لە قۆناخی ئینتیقالیدایە و ڕەنگە لەماوەی دوو ساڵی داهاتوودا بە تەواوەتی خۆی حکومڕانیتی خۆی بکات، هەروەها ئەم قۆناخە پرۆسەی بیناتنانی نەتەوە لەخۆدەگرێت، مەبەستم ئەوەیە دەبێت پرۆسەی ئاوێتەکردنی نیشتمانی لەنێو پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا بێتەدی. لەلایەکی دیکەوە ئێمە ئەوە دەبیستین کە لەعێراقدا لایەنی ئاینی و گروپی مەزهەبی هەن کە پێموایە ڕۆڵی ڕۆشنبیران ئەوەیە بەرنامە و ئەژێندایەکی نیشتمانی تەرح بکەن باڵاتر بێت لەناسنامە ئیتنی ئاینی، مەزهەبی و ناوچەییەکان.

*** خوێندنەوەت چییە بۆ بارودۆخی هەرێمی کوردستان؟**

- ئەوەی من بیستومە لەبارەی کوردەکانەوە ئەوەیە لەڕابردوودا دووچاری نەهامەتیەکی زۆربوون، بەڵام ئێستا نوێنەرایەتیان هەیە لەحکومەتی مەرکەزی و بەغدا و لەکوردستانیشدا ئاستێکی باڵای ئۆتۆنۆمیان هەیە کە ڕەنگە میسالی نەبێت یاخود سەد دەر سەد جێی ڕەزامەندی کوردەکان نەبێت، بەڵام هیوادارم لەداهاتودا بەهێزتربکرێت و بەهاوکاری لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقدا بتوانن عێراقێکی بەهێزتر بنیاتبنێن.

*** چۆن بتوانین هاوسەنگی نێوان ڕۆڵی ڕۆشنبیران و ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان ڕابگرین لەپرۆسە سیاسیەکەدا؟**

- ئەمە دەوەستێتەسەر ئاستی پرۆسەی بەدیموکراتیکردن لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، بۆ نموونە ئەگەر لەکۆمەڵگەدا پارتگەلێکی سیاسی بەهێز و سەقامگیرمان هەبوو، ئەوا ڕۆشنبیران دەتوانن دوو ڕۆڵی سەرەکی ببینن لەناو ئەم پارتانەدا، یەکەمیان ڕۆڵی ڕێکخستنی ئەم پارتانە، دووەمیان ڕۆڵی تەنزیرکردن، واتە داڕشتنی بەرنامە و ئایدۆلۆژیا بۆ پارتە سیاسیەکان، مەبەستم لەداڕشتنی ئەو بەرنامە و سیاسەتانەیە کە دەبنەهۆی ڕاکێشانی پاڵپشتی خەڵك بۆ پارتەکە.

*** دوا وتەت چیە؟**

- کوردەکان کاریان بۆ فیدراڵی کردووە، ئەمەش لەلایەکەوە بەمانای ئەوەدێت کوردەکان خۆیان حکومڕانیتی خۆیان بکەن و کێشەکانیان چارەسەربکەن، لەلایەکی دیکەوە دەبێت کار بۆ بەهێزکردنی قەوارەی وڵاتەکە بکەن، واتە جیاوازی خۆیان لەچوارچێوەی یەکێتی وڵاتەکەدا بپارێزن.




**دەبێت پرۆسەی ئاوێتەکردنی نیشتمانی لەنێو پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا بێتەدی**

**ڕۆڵی ڕۆشنبیران ئەوەیە بەرنامە و ئەژێندایەکی نیشتمانی تەرح بکەن باڵاتر بێت لەناسنامە ئیتنی ئاینی، مەزهەبی و ناوچەییەکان**





### ئیلین کیندی بۆ گوڵان:

# بەخشینی نۆبڵ بەسەرۆک ئۆباما بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە توانیوەیەتی فۆرمی سیاسەتی ئەمەریکا بگۆڕێت

**خاتوو ئیلین کیندی، ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی پەبسڤانیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەبواری کۆنگریس و یەکێکە لەشرۆڤەگەرانی یاسایی لەکۆنگرێس، بۆ قسەکردن لەسەر دەسنیشانکردنی باراك ئۆباما بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی ئەمساڵ، پرۆفیسۆر ئیلین بەمجۆرە هۆکارەکانی بۆ گوڵان ئاشکرا کرد.**

*** بۆچی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی بەسەرۆك باراك ئۆباما بەخشرا؟**

- بەبۆچوونی من بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان لەبەشێکیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هانی بدەن دەستێوەردانی ئەمەریکا سنووردار بکات لەکاروباری جیهانی دەرەوەدا و هەڵبستێت بەچارەسەرکردنی کێشەی خەڵکانی ئەو وڵاتانەی ئێمە سوپامان هەیە تێیاندا. هۆکاری دووەم بۆ خستنەڕووی سەرنەکەوتووی و شکستخواردووی سیاسەتە فراوانخوازیەکانی جۆرج بوش بوو.

*** ئایا هێزی نەرم مانای چییە؟**

- پێموایە بەمانای بەکارهێنانی دیبلۆماسیەت و هەوڵدان دێت بۆ کاریگەربوون، کاریگەربوونێك پشت بەهەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی نەبەستێت. من باوەڕم وایە ئیدارەی ئۆباما لەئێستا و ئایندەدا هەوڵی بەکارهێنانی هێزی نەرم دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وەك کێشەی ئەفغانستان و عێراق و لەڕوانگەی منەوە بەکارهێنانی هێزی دیبلۆماسی و پەنابردنەبەر پاڵنەر و سزا ئابووریەکان دەبێتە شێوازی موفەزەلی ئۆباما بۆ ڕوبەڕوبونەوەی کێشەکان.

*** ئایا بەخشینی ئەم خەڵاتە بەئۆباما هۆکارەکەی ئەوەبوو کە ئۆباما پەنای بۆ بەکارهێنانی هێزی نەرم برد؟**

- من باوەڕم وایە هۆکاری بەخشینی ئەم خەڵاتە بە سەرۆك ئۆباما بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە توانیتی فۆرم و شێوازی سیاسەتی ئەمەریکا بگۆڕێت لەئاست وڵاتانی دیکەدا بەبەراورد بەجۆرج بۆش کە سیاسەتێکی ڕەقی بەکاردەهێنا، کەواتە بەکورتی دەتوانین بڵێین جیاوازیەکەی نێوانیان ئەوەیە ئۆباما پەنا بۆ بەکارهێنانی هێزی نەرم دەبات لەکاتێکدا جۆرج بوش پەنای بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەبرد.






## پاول کریستین بۆ گوڵان:

# هۆکاری سەرەکی بەخشینی نۆبڵ ئەوەیە ئۆباما جۆرج بوش نییە

**پرۆفیسۆر پاول کریستین، ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی بۆستن و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسیاسەتی ترانس ئەتڵەنتیك، سەبارەت بەبەخشینی خەڵاتی نۆبڵ بەسەرۆك ئۆباما، بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** ئۆباما ساڵێکی لەکۆشکی سپی تەواو نەکرد و خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشرا، بۆچی وا زوو ئەم خەڵاتەی پێبەخشرا؟**

- هۆکاری سەرەکی ئەوەیە باراك ئۆباما جۆرج بوش نییە، مەبەستم ئەوەیە زیاتر هەوڵی دیبلۆماسی و هەمەلایەنە (کە وڵاتانی دیکەش لەخۆبگرێت) دەخاتەگەڕ لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا.

*** ئایا سیاسەت و ستراتیژیەتەکانی چی بوون بۆ ئەوەی شایستەی ئەم خەڵاتە بێت؟**

- تۆ پێشتر پرسیاری ئەوەت کرد بۆچی ئەم خەڵاتەی پێبەخشرا و منیش وەڵامم دایەوە، بەڵام من نەم گوت کە شایستەیەتی، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە لیژنەی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ پێیانوابوو کە سەرۆك ئۆباما پتر پەنای بۆ بەکارهێنانی گفتوگۆ بردووە و هەوڵدەدات پتر بەڕووی ئێراندا کراوەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، من ناڵێم سیاسەتە دەرەکیە بەو شێوەیە جیاوازە، من دەڵێم ئەمە لێکدانەوە و بیرکردنەوەی ئەوانە (لیژنەکە).

*** ئایا هێزی نەرمەکەی ئۆباما تاچەند کاریگەری لەسەر بەرەوپێشەوە چوونی ئابوری هەبوو؟**

- دەکرێت هێزی نەرم بەمانای بەکارهێنانی دەستڕۆیشتوی ئابووری بێت، وەك پەرەپێدانی بازرگانی یان بەپێچەوانە بەکارهێنانی سزای ئابووری، هەروەها دەکرێت بەمانای هەوڵدان بێت بۆ بڵاوکردنەوەی بەها کەلتوریەکانی ئەمەریکا، بەهەمانشێوە دەکرێت بەمانای دابینکردنی کۆمەك بێت بۆ وڵاتانی دیکە لەبوار پێدانی قەرز یان یارمەتیدانیان لەبواری پرۆسەی گەشەپێداندا.

*** ئایا بڕیاری بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ هیچ پەیوەندیەکی بەبڕیاری ئۆباما هەبێت بۆ کشانەوەی هێزەکانی لەعێراقدا؟ ئایا کشانەوەی ئەم هێزانە نابێتە شکست بۆ سیاسەتی ئەمەریکا لەعێراقدا؟**

- من نازانم بیرکردنەوە و لێکدانەوەی لیژنەی بەخشینی ئەم خەڵاتە چی دەبوو ئەگەر ئەوەیان لەبەرچاوبگرتایە ئۆباما بەرەوتێکی خێرا هێزەکانی لە عێراقدا دەکێشێتەوە. ئەوەی پەیوەندی بەوەسفکردنی سیاسەتی ئەمەریکاوە هەبێت بەشکستخواردوو ئەگەر ئەم هێزانە لەعێراقدا پاشەکشەیان پێبکرێت، ئەوا من شارەزایی لەسەر بارودۆخی عێراق نییە بۆ ئەوەی بتوانم وەڵامی بدەمەوە.